Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC- 20

# مەزار و شوێنەوارە پیرۆزەکانی کاکەیی
# باشووری کوردستان بە نمونە

**محمد طالب شریف**

بەشی زمانی ئینگلیزی، کۆلێژ زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان ، زانکۆ گەرمیان ، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **April 2025** |
| Accepted | **May 2025** |
| Published: | **August 2025** |

**Keywords**

**مەزارگە، کاکەیی،یارسان، باوەمحمود**

**Corresponding Author**

Mohammed.talib@garmian.edu.krd

**پوختە:**

مەزار و شوێنەوارە پیرۆزەکانی کاکەیی لە باشووری کوردستان مێژوویەکی دێرینی هەیە ئەو شوێنەواران کە تا ڕادەیەک خاوەندارێتیان بەنارِونی ماوەتەوە ،بەڵام تا ئێستا هێچ توێژەرەیک هەوڵی ساغکردنەوەی ئەو شوێنەوارانەی نەداوە ئێستا بەشێکی لە لێواری لەناوچووندان هەندێکی تریان ، لە لایەن گروپەو مەزهەبەکانی ترەوە بە بی هیج بەڵگەیەکی سەڵمێنەر خاوەنداریتی دەکەن، شوێنەواری و مەزارگەکانی کاکەیی لە کەلتوری ئاینی یارسانەکان جێگایەکی پیرۆزییان هەیە. ئامانج لەم توێژینەوەیە پێداچوونەوەیەکی مێژووییە لە سەردەمی دروستبوونی ئەو مەزارگەو شوێنەوارە پیرۆزانەی کاکەییەکان. بۆ ئەمەمەبەستە توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتوە لە بەشی یەکەمدا باس لە بنەماڵە سەرەتاییەکانی کاکەییەکان کراوە کە لەباشوری کوردستان ڕۆڵیان هەبوو، لە بڵاوکردنەوەی ئاینی یارسانیدا بەتایبەت بنەماڵەی شا ئیبراهیم لەگەڵ ئەوەشدا باسی پلەبەندی کۆمەڵگەی کاکەییەکان خراوەتەڕوو. لە بەشی دووەمدا باس لەشوێنەواری مەزارگە پیرۆزەکانی کاکەییە دەکەین لە باشووری کوردستان لە رووی مێژووی و جوگرافییەوە وەک مەزارگەی باوەمحمود لە خانەقین، باوە گەزی لە مەندەلی، باوەشاسوار لە کفری ،باوەنوور لە ناحیەی باوە نوور چەندین مەزارگەی تری لە ناوچەکانی هەورامان و شارەزوور و پیرەمەگروون و کەرکوک.لە بەشی سێیەمدا هۆکارەکانی گەشەنەکردنی گەشتیاری ئاینی بۆ سەر مەزارگەو شوینەوارە پیرۆزەکانی یارسان . لەم توێژینەوەیەدا بەسود وەرگرتن لەسەرچاوە سەرەتایەکانی ئاینی یارسانی و کتێبی پیرۆزی(سەرئەنجام)ی کاکەییەکان شیکاری مێژوویی بۆ سەلماندن و ساغکردنەوەی ئەو شوێنەوار و مەزارگانەی کاکەییەکان ئەنجامدەدرێت .

## پێشەکی:

مەزار و شوێنەوارە پیرۆزەکانی (کاکەیی) لە باشووری کوردستان لە دیارترین بەڵگەکانی ئەو میراتە دەوڵەمەندە ئایینی و کولتوورییەن ,کە درێژدەبێتەوە بۆ دەیان سەدە لەمەوبەر، ئەمەش وایکردوە ببنە جێگەی سەرنجی توێژەران و ئەوانەی ئارەزووی مێژووی ئایینە کۆنەکان دەکەن. ئەم مەزارگانە تەنها شوێنی پەرستن نین، بەڵکو بەڵگەی زیندوون بۆ مێژوویەکی دوور و درێژی نەریتی ڕۆحی و پراکتیزەی ئاینیەکان کە بەشێکی دانەبڕاو لە شوناسی کولتووری ناوچەکە پێکدەهێنن. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیە لە مێژووی ئاییني یارسان و ئەو (بنەماڵە حەقیقەتەکانی یارسان) ,کە بەشداربوون لە بڵاوبوونەوەی ئاییني یارسان . لە ڕێگەی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە هەوڵ دەدەین چەند ئامانجێکی سەرەکی بەدی بهێنین: یەکەم: بەڵگەنامەکردنی مێژووی ئاییني و کولتووری کاکەییەکان و تێگەیشتن لە ڕۆڵی بنەماڵە سەرەتاییەکان لە دارشتنی ئەم ئایینەدا. دووەم: شیکردنەوەی پێگەی مەزارگەکان لە باشووری کوردستان.سێیەم: بەدواداچوون بۆ تواناکانی گەشتیاری ئاییني لە ناوچەکەدا و پێشنیارکردن بۆ پەرەپێدانی ئەو شوێنانە وەک شوێنی گەشتیاری ئاییني. گرنگی ئەم توێژینەوەیە بەشدارە لە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی ئەکادیمی بە لێکۆڵینەوەی قووڵ لەسەر ئاییني یارسان و مەزارگەکانی،ئاسۆی نوێ بۆ لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا دەکاتەوە.توێژینەوەکە پشتی بە ڕێبازی (شیکاری وەسفیی )بەستووە، بەهاوکاری سەرچاوە مێژووییەکان وئاینیەکان و کتێبی (پیرۆزی سەرئەنجام ). لێکۆڵینەوەکە لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە: تەوەری یەکەم باس لە مێژووی سەرهەڵدانی ئاییني یارسان دەکات، پێداچوونەوە بە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی ئەم ئایینە و پەرەسەندنی بەدرێژایی سەدەکان دەکات. تیشک دەخاتە سەر بنەماڵە سەرەتاییەکانی یارسان هەروەها شیکردنەوەی ڕۆڵی ئەو بنەماڵانە لە بڵاوکردنەوەی ئایین و پاراستنی نەریتەکانی. تەوەری دووەم باس مەزارو شوینەوارە پیرۆزەکانی کاکەیی لە باشووری کوردستان. لە کۆتاییدا بەشی سێیەم باسی گەشەنەکردنی لایەنی گەشتیاری ئاییني دەکەین بۆ مەزارگەو شوێنەوارە پیرۆزەکانی ئاییني یارسان، وە پێشنیارەکان بۆ پەرەپێدانی مەزار و شوێنە پیرۆزەکان وەک شوێنی گەشتیاری ئاییني دەخاتە ڕوو. بەکورتی، ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە ڕۆشنایی بخاتە سەر مەزار و شوێنەوارە پیرۆزەکانی کاکەیی وەک بەشێک لە میراتی ئاییني و ڕۆشنبیری، هاوکات پێشنیاری بۆ پەرەپێدانی گەشتیاری ئاییني لە باشووری کوردستان پێشکەش دەکات. لە ڕێگەی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە هیوادارین زانیاری لەسەر ئەم ئایینە دێرینە دەوڵەمەندتر بکەین و تێڕوانینێکی نوێ بۆ گەشەسەندنی کولتووری و پیکەوەژیانی ئاینەکانی ,گرنگیدان بە مەزارگەی پیاوچاکان و ڕێبەرانی ئاییني یارسان بەدەریت.

## تەوەری یەکەم

## (مێژووی ئاییني یارسان لە سوڵتان سەهاکەوە)

سەبارەت بە ساڵی لە دایکبوونی و کۆچی دوایی کردنی(سوڵتان سەهاک) ڕاو بۆجونی جیاوازی لەسەرە، لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی ئاماژە بە ساڵی لەدایکبوونی دەکەن.لەوانەدەستنووسێکی(کاکاڕەدائی)، کەنووسەرێکی ئاینی(کاکەیی)بووە ،ساڵی(١٠٥٤ز) بۆ لە دایکبوون و ساڵی(١١٩٢ز)،بۆکۆچی دوایی (سوڵتان سەهاک)داناوە. بەڵام بەگوێرەی دەستنووسێکی دیکە کەنووسەرەکەی دیارنییە،ساڵی(١٢١٦ز) بۆ لەدایك بوونی دانراوەو،ساڵی کۆچی دوای سوڵتان نەنووسراوە. لە(شانامەی حەقیقەت)دا،ساڵی(١٢١٦ز) بۆ لەدایك بوون و ساڵی(١٥٠٧ز)یش بەساڵی مردنی (سوڵتان سەهاک)نووسراوە. (ماشائەڵلاسوری)لە پەرتووکی(سرودەهای یارسان)دا،ساڵی (١١٣٤ز) بۆ لەدایك بوونی (سان سەهاکی بەرزنجی) و ساڵی (١٢٣١ز) بۆکۆچی دوای (سوڵتان سەهاك) دانراوە.(دکتۆر سدیق بۆرەکەیی/سەفی زادە)لەپەرتووکی (وێژەی کوردی)ی، بەرگی یەکەم دا،دەنووسێت :(بەگوێرەی دەفتەرێکی سەرئەنجام ساڵی (١١٣٤ز)ساڵی لە دایك بوونی (سان سەهاك)وساڵی (١٢٣١ز) ساڵی کۆچی دوای داناوە ،(دکتۆر سدیق بۆرەکەیی/سەفی زادە)ئاماژە بەوە دەکات،کە لە پەراوی (کورتەی سەرئەنجام)دا،ساڵی (١١٦٥ز) بۆ لەدایك بوونی (سوڵتان سەهاک) تۆمارکراوە.(دکتۆر مارف خەزنەدار)لەبەرگی یەکەمی(مێژووی ئەدەبی کوردی)یەکەی دا ساڵی (١٢٧٣ز) بۆ لەدایك بوونی (سوڵتان سەهاک) و ساڵی (١٣٨٩ز) بۆ کۆچی دوایی کردنی تۆمار دەکات.(هادی ڕەشید بەهمەنی) لە پەرتووکی (پەیامی هەورامان)دا،ساڵی (١٢٨٧ز-١٣٨٧ز)بۆ ساڵی لەدایك بوون و کۆچی دوایکردنی (سان سەهاك)تۆماردەکات (ڕۆستەم، ٢٠٠٦:ل٢٥).(سوڵتان سەهاک)لە ساڵی( ١٢٧٧ز) لە گوندی (بەرزنجە), کە لە ئێستادا سەر بە قەزای (سەیدسادق) سەر بە پارێزگای( سلێمانییە) لەدایک بووە. باوکی ناوی (شێخ عیسا ئبین بابا عەلی هەمەدانییە )و دایکی ناوی خاتوون (دایرەک ڕەمزبەرە). دوای کۆچی دوایی باوکی بە هۆی دژایەتی کردنی براکانیەوە، ناچار دەبێت لە بەرزنجەوە کۆچ بکات , بۆ خاکی (هەورامان)لە(گوندی شێخان)نیشتەجێبێت . دوای ئەوەی نهێنییەکانی یارسان کە لە سەدەی دووەمی کۆچیدا لە سنگی (بەهلوول ماهی) و هاوەڵەکانیدا پارێزراو بوون و تا سەدەی حەوتەمی کۆچی مانەوە .بەم شێوەی یاسا و ستوونەکانی ئەهلی حەق (کاکەیی) لەسەر بنەمایە (ڕاستی و پاکی و خونویستن و خواپەرستی ) لە لایەن (سوڵتان سەهاک) بۆ جارێکی تر نوێکرایەوە . دواجار (سوڵتان سەهاک) لە ساڵی (١٣٩٦ز) کۆچی دوایی کرد، مەزارگەکەی لە گوندی (شێخانە) لە نزیک (پاوە)لە ڕۆخی ڕووباری سیروان.زۆرێک لە هاوڵەکانی خەڵکی چین و هیندستان و بوخارا بوون.سوڵتان سەهاک بە دامەزرێنەر ئاینی یارسان دادەنرێت (زادە، ١٣٧٥: ص١٦,١٧,١٨).(ناوچەکانی هەورامان و جەوانرود و دامێنی چیای دالاهوی هەڵبژاردووە وەک بارگای (ئاییني یارسان) ، ئەم شوێنەی بە گونجاوی زانیوە بۆ بەرەوپێشبردنی کارەکانی لەگەڵ کۆمەڵێک هاوەڵەکانی زێدی خۆی لە بەرزانجە و دیاکان بەجێهێشتووە لە دەوروبەری گوندی شێخان لە ڕۆژئاوای ڕووباری سیروان نیشتەجێبووە،

(سـوڵتان سـەهاک) نهێنی یارسـانی فێری هەموو ئەو خەڵکانە کردوە، سـەرکەوتنی بەدەسـتهێنا لە دامەزراندنی بناغە و هاوئاهەنگی لە نێوان خەڵکی دا. بناغەی ئایینی یارســـانی ئێســـتای داناوە. هاوەڵ و شـــوێنکەوتووانی کردوە بە (حەوت دەســـتە) . پییان دەڵێن بنەماڵەکانی (حەقیقەت)(بەرزنجی، ٢٠١١:ل١٧) (گودرزی، ١٣٩٥:ص٦٧-٦٨).

بنەماڵەکانی حەقیقەتەکانی یارسان

بنەماڵەی حەقیقەتیەکانی یارسان,هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی (سوڵتان سەهاک),بە پێی فرمانی ئاینی سوڵتان سەهاک کە ڕێبەری ئاینی یارسانی گرتوتە ئەستۆ(حەوت بنەماڵەی) لەحەوتەوانەی شوینکەوتووانی پێکهیناوە,دوای ئەوە چوار بنەماڵەی شامیوان خۆیان داوەتە پاڵ ئەو حەوت بنەماڵە بونەتە یانزە بنەماڵەی حەقیقی یارسان , بەشێکی زۆری ئەو بنەماڵانە دەکەونە ناوچەکانی باشوری کوردستان (شارەزوور,خانقین ,کەرکوک,مۆسل,مەندەلی )(سولطانی، ١٣٨٠:ص ١٧).

بنەماڵەی بابایادگاری

ئەم بنەماڵەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ بابایاگار، یەکێکە لەو حەوت بنەماڵەکەی حەقیقەت. بەگوێرەی سەرچاوەکانی کەلام، (بابا یادگار) لە سەدەی چواردەیەمی زایینی لەدایک بووە و لە تەمەنی گەنجیدا بە فەرمانی (سوڵتان سەهاک)بۆ بڵاوکرنەوەی ئاینی یارسان سەفەری بۆ هیندستان کردووە. شوێنکەوتووانی ئیستا لە پاکستاندا پێیان دەوترێت (زیکری) لە ناوچەی (تۆربات) شوێنی زیارەتکردنیان هەیە.لە ئەفغانستان شوێنکەوتووانی لە ناوچەی (مەزار) پێیان دەوترێت (غەڵ).(هەورامی، ٢٠١٣:ل٥٩),(عاصی، ٢٠٢٠:ل٣٥٥).بابا یادگار بەو پێیەی کە هاوسەرگیری نەکردووە بۆ ئەوەی منداڵیان هەبێت، دوو لە هاوەڵەکانی بە ناوەکانی خیال و ویسال وەک جێنشینی خۆی داناوە بەسەر شاگردەکانیدا تا گەیشتە تەمەنی پیری ساداتەکانی بنەماڵەی بابا یادگار نەوەی ئەو دووانەن ئێستا لە شوێنێکە بە ناوی سارانە، لە دەوری چیای دالاهۆی لە کرماشان، کە ئێستا پێی دەوترێت گوندی بابا یادگار (طاهری، ١٤٠٢: ص٥١,٥٢,٥٣).

بنەماڵەی ( شا ئیبراهیمی)

ئەم بنەماڵەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ (شا ئیبراهیم)، یەکێکە لە حەوت (بنەماڵەکە)یارسان . کە ناوی (شا ئیبراهیم کوری سەید محمد گەورە سوار کوری سوڵتان سەهاکی کوری شیخ عیسای بەرزنجی).(شا ئیبراهیم) لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا لە دایکبووە , ناوی دایکی خاتوون( زەینەب)کچی (میر خوسرەو لوڕستانی) بووە (بهرام، ٢٠١١:ص٣٢٦) .بە فەرمانی (سوڵتان سەهاک) سەفەری بەغدای کرد بۆ ڕێنوێنی و ڕێنمایی خەڵکی عێراق , بەشێک لە خەڵکی ئەو خاکە پێشوازییان لێکرد و ڕێگا و شێوازەکانی یارسانیان قبوڵ کردوە . ئەم گرووپە کە ڕێگا و شێوازی یارسانەکانی عێراقیان گرتۆتە بەر، ئێستا لە خانەقین و مەندەلی نیشتەجێن و بە کاکەییەکان ناسراون. شا ئیبراهیم لە بەغدا بە خاک سپێردرا (زادە، ١٣٧٥: ل٢٥).

(بنەماڵەی خامۆشی)

بنەماڵەی خاموشی ئەم بنەماڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ (سەید ئەکبەر) کە نازناوی (خاموشی )لێنراوە. (سەیدە کەبیر خامۆش کوری سەید شێخ عەلی کوری سەید ئەبو الوەفایە). بەگوێرەی نامەی کۆتایی (سەیدە کەبیر خامۆش) لە (سەدەی نۆی) کۆچیدا لەدایک بووە دوای مردنی باوکی بووەتە سەرۆکی بنەماڵەی سەید ئەبو الوافا کە خەڵکی هەفتوانە ،ئەمەش بووە هۆی ئەوەی براکانی دڵیان لێ بشکێت و چوونەتە دەربەدەری ،چونکە ئەو لەوان گەنجتر بووە .بەشێکی کەلامەکانی لەلایەن سەید ئەکبەر خامۆشەوە بەجێماوە و تا ئێستا بەتەواوی کۆ نەکراونەتەوە. گۆڕەکەی لە خاکی هەورامانە(بەرزنجی، ٢٠١١:ل٣٦,٣٧).

بنەماڵەی عالی قلندری

بنەماڵەی عەلی قەلەندەری: ئەم بنەماڵەیە پەیوەندییان بە (عەلی قەلەندەرەوە) هەیە. بەپێی نامەکە، عەلی قەلەندەر لە (سەدەی چواردەیەمی زایینی)لە(دالاهو) لەدایک بووە، دوای وەرگرتنی خوێندنی سەرەتایی، چووەتە گوندی شێخان و لای (سوڵتان سەهاک) ڕەزامەندی بەدەستهێناوە، پاشان لەسەر فەرمانی سوڵتان، دەچێتە بەغدا، لەوێ لەلایەن هەندێک لە دوژمنەکانیەوە دەکوژرێت. (عەلی قەلەندەر) بەهۆی نەبوونی هاوسەرگیرییەوە هیچ منداڵێکی نەبوو، بەو پێیەی لە کاتی دامەزراندنی خانەدانەکەدا لە ژیاندا نەبوو، دوو کەس لە خزمەکانی بە ناوەکانی (دێدە عەلی و دێدە حسێن )لەلایەن سوڵتانەوە بۆ جێنشینی دانران. ساداتەکانی بنەماڵەی ئاغای قەلەندەر ئێستا نەوەی ئەو دوو کەسەن، واتە نەوەکانی دێدە عەلی لە دیوی پیری و نەوەکانی دێدە حوسێن لە دیوی شوێنکەوتوانی بنەماڵەکەن. بەشێک لە کلامەکان دەربارەی تەریقەتی یارسان لە عەلی قەلەندەرەوە ماوەتەوە، کە هەندێکیان چاپ کراون(زادە، ١٣٧٥: ص٢٦).

(بنەماڵەی میرسووری)

ئەم بنەماڵەیە پەیوەندییان بە( میرسۆری) خەڵکی هەفتوانەوە هەبووە. ناوی (سەید میر ئەحمەد)، نازناوی (میر سور کوری شێخ عیسا)، کە لە (سەدەی چواردەیەم)زایینی ژیاوە. کاتێک (سوڵتان سەهاک )کە ئایینی یارسانی نوێکردەوە، ئەویش چۆتە لای ئایینی یارسانی قبوڵ دەکات .ئەو بە یەکێک لە هەفتەوانەکان دادەنرێت و هەندێک لە کلامەکانی تا ئێستا ماونەتەوە (زادە، ١٣٧٥: ل٢٧).

(بنەماڵەی سەید مستەفا)

سەید مستەفا کە لە هەفتەوانەیە، لە( سەدەی دەیەمی)ی زایینی ژیاوە و ماڵئاوایی لە ژیان کردەوە لە خاکی ڕۆمەکان(زادە، ١٣٧٥: ل٢٨).

(بنەماڵەی حاجی باوەیسی)(مدرسی: ص٢٢٩)

(حاجی باوەیسی کوری سوڵتان سەهاک) بە یەکێک لەو هەفتەوان دادەنرێت. لە( سەدەی چواردەیەم)ی زایینی ژیاوە. بەشێک لە کلامەکانی عا ئێستا ماوە. سەرۆکی ئێستای ئەم بنەماڵەیە سەید سۆهراب ئیبراهیمییە(زادە، ١٣٧٥: ص٢٨).

(بنەماڵەی زەنووری)

ئەم بنەماڵەیە خزمایەتی بە (زەنوور قەلەندەرەوە) هەیە. (کوڕی خان ئەسمەرە) کە لە کۆتایی (سەدەی پانزەیەم) ی زایینی لە شاری (لورستان) لەدایک بووە. بەهۆی زۆری موعجیزە و کردەوەی چاکەکانی زەنووری، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لەسەر ئەم پرەنسیپە بونەتە یارسانی،بەو پێیەی زەنوور ژن و منداڵی نەبوو، نەوەی مامەکانی بونەتەجێنشینی(زادە، ١٣٦١: ص ٣٠).

(بنەماڵەی ئەتش بەگ)

ئەم بنەماڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ (ئەتاش بەگی کوڕی محەممەد بەگی لوڕستانی) کە بەپێی (بورهان ئەلحەق) و تۆمارە نووسراوەکانی لە دەوروبەری (سەدەی شانزەیەم)ی زایینی لە جیهاندا دەرکەوتووە. دوای کۆچی دوایی باوکی، (ئەتش بەگ) بووە جێنشینی و خۆی بە ئاوێنەی خودا ناوبردووە، بە ناوی خۆیەوە خانەدانێکی پێکهێناوە و گروپێکی گەورەش بەدوایدا ڕۆیشتوون ناوی هاوەڵەکانی بەم شێوەیەن: (جەمشید بەگ ),(عەبدولبەگ ئەڵماس بەگ),( پەری خانم کامیری جان),( کاملەک، قەرا، پووس میردووست) لە بنەماڵەی ئەتش بەگین، فەرمانڕەواکانی ئێستای ئەم بنەماڵەیە بریتین لە (سەید نیزام الدین مەشاشای و کوڕەکەی سام، مەشاشای، سەید مەنسور میرزا مەشاشای، سەید حشمەتوڵلا مەشاشای)(زادە، ١٣٦١:ص٣١).

( بنەماڵەی شا هەیاس)

بنەماڵەی (شا هەیاس) ئەم بنەماڵەیە دەگەڕێندرێتەوە بۆ (شا ئەیاز یان شا حەیاس),(علی، ١٣٤٩: ص٥٣) .بە پێی کتێبی (بورهان الحق) لە ساڵی( ١٧١٣)ی زایینی لە ماڵی( شێخ عیسا باسانی) لە دایک بووە.(زادە، ١٣٧٥: ص٢٨) بە ناوی خۆیەوە بنەماڵەیەکی پێکهێناوە، ناوی چەند شوێنکەوتوویەکیش بەم شێوەیەن ( عیسا عەبدوڵلا روکن الدین)،( عەلی شا موراد شاکە شا نازار). کەڵامێکی زۆر لەسەر خۆی و شوێنکەوتوانی ماوەتەوە، و سەرۆکی ئێستای ئەم بنەماڵەیە (مەلەک جانی خوشکی نور عەلی ئیلاهی). بەڵام ڕێبەری ڕاستەقینەی ئەم مەزهەبە (دکتۆر بەهرام ئیلاهی کوڕی نور عەلی ئیلاهی),(طاهری، ١٤٠٣:ص٧١).

(بنەماڵەی با حەیدەری)

باوە حەیدەر یەکێکە لە پیاوە گەورەکانی ئایینی یارسان,باوەحەیدەر یەکیکە لە بنەماڵەی حەقیقیەکانی ئایینی یارسان. بەپێی دەفتەری (گوڵستانی بابا حەدەری )ئەم زاتە لە( سەدەی شانزەیەم) ی زایینی ژیاوە ,ئاماژەیش بەوە دەکات کە بابا حەیدەری یارسانی لە کۆتای دەسەڵاتی (سوڵتان حوسینی سەفەوی) و لەکاتی کۆمەڵکوژی سەیدەکان ,(کەرکوکی )بەجی هێشتەوە ,ڕووی کردوتە ناوچەی (کفرئاور) لە ((خۆرئاوای گەیلان)) لەویَ کۆچی داویی کردوە ,بەهۆی ئەوەی نەوەی نەبووە,(بابا ئەسکەندەری کوری بابا دانیاڵ) دەکاتە برازای بابا حەید , جیگای گرتووتەوە ,کاروباری موریدەکانی راپەراندەوە سەردەمەکەی بە سەردەمی سەرهەڵدانی یاری ناسراوە بە و شا مێوانە ناویان لێناوە(بەخشی، ٢٠١٥:ل١٢٦).

## تەوەری دووەم

## مەزار و شوێنەوارە پیرۆزەکانی کاکەی لە باشووری کوردستان

مەزار و شوێنەوارە پیرۆزەکان لە گرنگترینیان شوێنەوارە ئایینی و مێژوویەکەیان,لە نێو گەلاندا پێگەیەکی تایبەتیان هەیە. ئەوانە تەنها شوێنی شوێنەواری نین، بەڵکو هێمای ڕۆحانیەت و ئیمانن بۆ پەیڕەوانیان ، و شایەتحاڵی ڕووداوە مێژوویە گەورەکانن. ئەم مەزارگەیانە لە چەند ناوچەیەکدا بڵاوبوونەتەوە، دیارترینیان عێراقە و ئێران کە چەندین شوێنی ئایینی و مێژوویی تێدایە.ئەم مەزارگانە لە سەرانسەری کوردستان بوونیان هەیە دەرخەری ئەوەن ،کە ئەم ناوچانە مۆرکی ئایینی یارسانیان هەڵگرتوە ، پیڕەوانی ئایینی یارسان لە هەموو شارو شوێنەکانی کوردستان لە ئێران و سوریا و تورکیا و عێراق سەردانی ئەم شوێنە پێرۆزانە دەکەن, بەدوای نیعمەت و بیرکردنەوە لەو بەها ڕۆحییەتە قووڵانەی خۆیان بەرجەستەی دەکەن. ئەم شوێنانە جگە لە ڕۆڵی ئایینییان، ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی هونەر و تەلارسازییە بە درێژایی سەدەکان، ئەمەش وایان لێدەکات ببنە بەڵگەی زیندوو بۆ گەشەسەندنی شارستانیەتەکان. تیشک دەخاتە سەر گرنگییەکەی لەسەر ئاستی کلتووری و کۆمەڵایەتی. لێرەوە پێویستی پاراستنی وەک میراتێکی مرۆییەو کە ڕەنگدانەوەی فرەچەشنی کولتووری و ئایینی مرۆڤایەتییە .

یارسانەکان لە رووی بیروباوەڕی ئاینی بەسەر چەند چینێک دابەش دەبن (هەورامان، ٢٠١١:ل١٦٨).

١ -ڕیبەرانی ئاینی یارسان وەک (بابا سەرهەنگ,شاخۆشین , بابا ناووس,سوڵتان سەهاک),(هەورامان، ٢٠١١:ل١٦٩).

٢-پیر:دووەم پلەی ئاینی یارسان کە دەبێت هەموو یارسانیک لە دەوری پیر کۆبێتەوە سەری پێدەسپێرێَ.

٣-دەلیل :ڕێرۆشنکەرەوە و ڕینموونیکەری بەرنامەی دینی یارسان.

٤ -سەرجەم : دوعا خوینەرە بەسەر ئەو شتانە دەکرێنە خێر.

٥ -خەلیفە :دابەشکەری ئەو خێرەییە کە دەکرێت (رۆستم، ٢٠٠٦: ل٧٩,٨٠).

بەڵام مامۆستا جەمیل هەورامی بەم شێوە باسی دەکات لە کتێبی (کاکەییەکان)

١-سەیدە : خۆیان دەبەنەوە سەر (علی کوری ئەبوتالیب)لە رووی روحیەوە و ئایینیەوە ڕێبەرایەتی یارسانەکان دەکەن.

٢-باوە:پلەیەکی دینی گرنگە ڕێپیشاندەر و ئامۆژگاری یارسانەکانن و ئاگاداری ڕێورەچەی ئاینی یارسانن.
٣-مام: سەرپەرشتی دابەشکردنی خێردەکات لە ژێر چاودێری باوە.
٤-دەرویش : یارسانەکان پێیان دەڵێن (سەرسپەردەکان) بۆ خزمەتکردنی ئاینی یارسان خۆیان تەرخان کردوە (هەورامی، ١٩٨٤:ل٣٠,٣١).

مەزاری یارسانەکان(کاکەییەکان) لە (مەندەلی)

شاروچکەی (مەندەلی) دەکەوێتە لای باشووری ڕۆژهەڵاتی بەغداد,لە گرنگترین بنەماڵەکانی کاکەییە لەم شارۆچکەییە (کاکەی قەڵەم حاجییەکانن),(هەورامی، ١٩٨٤:ل١٥). لەسەردەمێکی زۆرِ کۆنەوە لەم شارۆچکەی دەژین . بەشێکی لە کاکەییەکان لە گوندێک (دو شێخ) دەژین (عاصی، ٢٠٢٠: ل١٦٩,١٦٨),(العزاوی، ٢٠١٦:ص٣٨).شارۆچکەی (مەندەلی) گەلێک مەزارگەو گۆڕی پیاوچاکی (کاکەیی) تێدایە, بە چاوێکی ڕێزەوە تەماشا دەکرێن و بە شوێنیکی پیرۆزی دەزاندرێت . بەشێکی زۆری مەزارگەی باوەکانی کاکەی لە مەندەلێن, ئێستا وەک مەزارگەی پیاوچاکانی کاکەی سەیر دەکرێت , بەڵام بەهۆی باڵادەستی مەزهەبی شیعە لەو ناوچانە بەشێکی زۆری ئەو مەزارگەیانە کراون بە (نەوەکانی موسای کازم ) لە گرنگترین ئەوە مەزارگەیانەی یارسان , کەتائێستا شوینەواریان ماوە.

مەزاری باوە گورزەدین (عاصی، ٢٠٢٠: ل٣٥٩) .

مەزارگەکەی دەکەوێتە بەری چەپی دۆڵی (حەران) لە بەشی (دحل). ئاماژە بەوە دەکرێت , کە ناوی ڕاستەقینەی (سەید ئەحمەد) بووە. وەفقی شیعە ئەم مەزارگەیە دەگەڕێنێتەوە بۆ (احمد کوری محمد کورِی سەهاک کورِی علی زین عبدالله الجواد کورِی جعفری التیار کوری ئەبی تالیب (خوا لێی ڕازی بێت). بەڵام ناکۆکی لەسەر ڕەسەنایەتی ڕەچەڵەکی و بوونی مێژوویی ئەو هەیە، بەو پێیەی قسەکانی دکتۆر مستەفا جەواد هێناوەتەوە کە نکۆڵی لە بوونی ئیمامەکان دەکات کە لە مەندەلی یان دەوروبەری نێژراون، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە گۆڕستانەکانی تالیبیەکان لە چەندین سەرچاوەی مێژوویدا بەڵگەیان لەسەرە. بەڵام پێدەچێت ئەو مەزارگەیە لە نێو خەڵکی مەندەلیدا پێگەیەکی ئاینی دێرینی هەبێت، ئەمە ئەوە رونە دەکاتەوە کە ئەم مەزارگەییە پەیوەندی بە مەزهەبی شیعەوە نییە , بەڵکو ئەمە نەوەی باوەیسی کوری سوڵتان ئەسهاکە بەرزنجی ڕێبەری ئاینی یارسان . لە دێر زمانەوە یارسانەکان وەک نەریتێک سەردانییان کردوە ,ئەم نەریتە لە باوباپیرانیانەوە ماوەتەوە . ئەم مەزارگەیە کە ڕێورەسمی تایبەت خۆی هەبووە , لە کۆتایی مانگی ئەیلولەوە تا مانگی تشرینی یەکەم بۆ ماوەی چوار هەفتە بەردەوام دەبێت، لەو ماوەیدا سەردانکەران ڕێوڕەسمی ئاینی لەم مەزارگەیەدا ئەنجام دەدەن(موسی، ١٩٨٥: ص١١٦-١١٧).

مەزاری باوە گورجی

کەسایەتییەکی ئایینی یارسانەوە ، دەوترێت زاهیدێکی ڕێگەی یاری بووە. بەهەمان شێوەی مەزارگەی باوەکانی کاکەیی وەفقی شیعە ئەمیشیان وەک مەزارگەی شیعە ناساندەوە , لە کاتێکدا ووشەی باوە جگە لەوەی ووشەیکی کوردی ڕەسەن لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم ووشە تایبەتە بە چینێکی پلە بەرزی ئاینی یارسان.ئەم زاتە پیرۆزە بەهەمان شێوەی نەوەکانی (باوەیسی کوری سولتان سەهاکە کە بە فرمانی سوڵتان سەهاک نیردراون بۆ بڵاوکردەوەی ئاینی یارسان , بەڵاَم (وەقفی شیعی) ئەم زاتە گەورەی یارسانەکانی گەڕاندوَتەوە سەر (ئیمام کازم) بە ( ناوی حەبیبی کورِی مووسا کازم) . مەزارگەکە دەکەوێتە کەناری چەپی وادی (نەفت خانە) ، لە ناو خاکی عەوادیلی خێڵی (ئەلنیدا). ئەو گۆڕستانەی کە مەزارگەکەی تێدایە، تایبەت بە ناشتنی مردووەکانی خێڵەکانی (ئەلنیدا)، ئەمەش ڕەنگدانەوەی پێگەی ئەو بووە لە نێو ئەندامانی ئەم خێڵەدا. پێدەچێت لە نێو خێڵی ئەلنیدا و قەراڵوسدا پیرۆزییەکی تایبەتی هەبێت، کە بەردەوام سەردانی دەکەن و سوێند بە ناوەکەی دەخۆن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو پەیوەندییە ڕۆحییەی.هەروەها لە وەرزیکی تایبەتتیدا ڕێورەسمی سەردانیکردنی بەڕێوەدەچێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەردەوامبوونی نەریتە ئایینی وکۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بەم مەزارگەوە(موسی، ١٩٨٥:ص١١٨ ).

مەزاری باوە عەبدوڵلا(باباگوڵاوی ,گلاب)

ئەم زاتە پیروزەی یارسانی کە لە ساڵی (١٥٦٣)ز بەڵگەکانی دەرکەوتنی جەوهەری شا هەیاس لە ڕێگەی بەخشین و وەرگرتەوە (بابا عەبدوڵلا) ناسراو بە (بابا گوڵاوی) خەڵکی گوندی دوشێخە لە شارۆچکەی مەندەلی, کە یەکێکە لە شارە گرنگەکانی خاکی پەهلەوی ,لە سەردەمێکدا بە ئێزنی شا هەیاس سواری با بوو و دەچێتە ناو کۆبوونەوەی گەورەکانی یارسانەوە. شوێنێکەوتوانی دەڤەری گۆران ئاگاداری شەرعیەت و کەرامەتی (بابا عەبدوڵلا) و بەیەکێک لە پیاوانی یارسان دادەنرێت ،خاوەنی موعجیزە و کەرامەتی بووە، کاتێک بابا عەبدوڵلا دەچێتە ناو کۆبوونەوەی جەوهەری شا هەیاس دەڵێت، "بۆنی ئاوی گوڵەبەڕۆژە وەک هەنگوین وایە". واتە بۆنی ئاوی گوڵەبەڕۆژە لە نیعمەت و نیعمەتی جەوهەری شا هەیاسەوە سەرچاوە دەگرێت بۆنی عەتر و بۆنی بابا عەبدوڵلا مەجلیسەکە دڵخۆش دەکات , ئێستا مەزاری بابا گوڵاو لە گوندی دوشێخە لە مەندەلی .بەپێی شەجەری باوە گوڵاو بێت , بەشێکی زۆری ئەو مەزارگەی ناوچەی مەندەلی دەگەڕێتەوە بۆ باوە گولاوی(طاهری، ١٤٠٣:ص٧٤,٧٥,٧٦) .لە گرنگترین ئەو مەزارگەیانەی لە مەندەلین, کە پێشگری باوەیان هەڵگرتوە (مەزارگەی باوە تاهر لە ناوچەی کاکەی نشینی قلم حاجی ,باوە حافز,باوە قدرت,باوە قریش ,پیر محمد),(عاصی، ٢٠٢٠:ل٣٥٩),(موسی، ١٩٨٥: ص١٩).

مەزارو یارسانەکان (کاکەییەکان) لە (خانەقین)

خانەقین شارێکی کوردستانیە و بە شاری برایەتی و پێکەوە ژیان ناسراوە، چونکە هەر لەکۆنەوە ناوچەیەکی فرە نەتەوە و ئاینی بووە، لە ڕابردوودا موسڵمان و مەسیحی و جوولەکە و کاکەیی, هەریەک لە پێکهاتەکانی (کورد، تورکمان، عەرەب، ئەرمەن)ی تێیدا ژیاون، بۆیە ئەو پێکەوەژیانی و برایەتییەی ئێستای خانەقین ڕەنگدانەوەی ڕابردووە و لە ئێستادا کورد و عەرەب و تورکمان دانیشتووی شارەکەن، هەریەک لە ناحیەکانی جەلەولا، سەعدییە، قەرە تەپە، مەیدان، بەمۆ، بانمیل و مەرکەز کە ژمارەیان حەوت ناحیەیە سەر بە شارۆچکەی خانەقین.

ڕێژەیەکی زۆر لە پەیڕەوانی ئاینی(یارسان) کاکەیی لە خانەقین بوونیان هەیە، چەندین گوندی کاکەی نیشیین هەیە لە وانە (گەبیە,میخاس ,حاجی قەر,عەمارا ,کەرەپو..) بەشێکی زۆری مەزارگەی کاکەییەکان دەکەوێتە خانەقین(العزاوی، ٢٠١٦: ص٣٧).

مەزاری باوە مەحمود(محمی)

باوەمەحموی ناوی (مەحموود کوری سە یید باوە ویسی عە لە مدار کوڕی سولتان ئیسحاق کوری شیخ عیسیی بە رزنجییە) خویشی کوریکی هەبووە بەناوی( عە باس )ئەمیشیان (ئیبراهیمی) هە بووە . نە وە کانی لەکەرکووك و داقوق وخانەقین و ئیران هەیە. لە سە دەی (چواردەیەم)ی زایینی ژیاوە. بە فەرمانی (سولتان سەهاك) لە شارەزوورەوە چووە تە دەڤەری گەرمیان و لە دەوروبەری شاروچکەی خانەقین نیشتەجی بووە, بۆ ئەوەی لە و دەڤەرە پەرە بە ئایینی یار بدات و رینوێنی پەیرەوانی یارسان بکات(کاکەیی، ٢٠١٣: ل٦٠٩).بەڵام لە لایەن وفقی شیعەی عێراق باوە محموی یان سید محمود دەیگێرنەوە, بۆ ئیمام موسای کازم خوای لێ ڕازی بێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کە لە شاری بەغدا پێیان دەگوت سەید قڕانەکە لە زەمانی هارون ڕەشید، کە گوایە کوڕەکانی ئیمام موسای کازم هەموویان ڕایان کردووە, لەبەغداو باوەمەحموی لەم جێگای ئێستایە نیشتەجێ بووە, وە کۆچی دوای کردووە،بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئیمام موسای کازم کوڕێکی نەبووە ناوی محمود بێت . ڕاوبووجونێکی تریش هەیە کە باوەمەحموی لە سە ردە می (باوە ناووس سە رگە تیدا) ژیاوە لە (٥٣٠ك ) هاوڕێی شیخ باوای حە کیم بووە ,هاتووەتە خانەقین و باوە ڕێ یارسانی بڵاو کردووەتەوە. بەڵام باوە مەحموی بە ناودارو زانایە کی پایە بەرزی کاکەیی,خاوەنی گە لی موعجیزە و کە شف و کە رامات بووە، لە بواری تمبوریش ژەنیارێکی بەتوانا بووە, کلام و ئاوازە کانی یاریشی بە چاکی زانیوە و دە نگیشی خۆش بووە. جێ سە ربە رزییە کە توانیویەتی لە و ناوچە یە دا لە ڕیگە ی زانیاری و خۆشە ویستی و موعجیزە و کە شف و کە راماتە وە بە سە دان خێزانی غە یرە کاکەیی بهێنێتە سەر ئاینی یارسان. (باوە مەحمود)،(باوە پڵاوی) دەکەونە باکووری شاری خانەقین لەگەڵ دایکیدا ماوەتەوە و هەردووکیان لەم گوندە کۆچی دوای کردەوە. گۆڕی دایکی باوە مەحمود تا ئێستاش ماوەتەوە,دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەو گردەی کە لەسەر لوتکەی گۆڕستانی باوە مەحمود هەڵکەوتووە(عاصی، ٢٠٢٠: ل٣٥٣).

مەزاری (باوە وەیسی)

باوکی (باوە مەحمود)، وە چوارەم کوڕی سوڵتان سەهاک .مەزاری ئەم زاتە پیرۆزەی یارسانییە دەکەوێتە سەر ئەو سنوورە دەستکردەی کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری جیادەکاتەوە، لەنێوان دەڤەری (ئەزگەڵە) و چیای (بامۆ)، نزیک ناحیەی مەیدان. ئەو ناوچەیەی کە مەزاری حاجی باوە وەیسی لێیە، تا ئێستاش ناوی باوەیسییە کە لە ناوی باوەیسی وەرگیراوە. مەزاری موجەدید الدین یارسانی، (سان سەهاک)، کە باپیرەی (باوە مەحمودە)، دەکەوێتە ناوچەی هەورامان، کە دەکەوێتە سێبەری چیای (شا)، کە یارسانییەکان زیارەت بۆ مەزارەکەی دەکەن (کەوانی، ٢٠١٨).

مەزاری ئیمام ئەحمەد

ئاغا ئەحمەد باراندێ (براوە),( ئاغا ئەحمەد بارانده کوڕی ئاغا ڕوستەم )و نەوەی (شا هەیاس مەزهەر ڕۆچیار) (شا ئیبراهیم) بووە، هەروەها دووەم کەس بووە لە ڕیزبەندی تەختی بنەماڵەی شاهەیاس، کە نازناوی بارانده بووە، بە نزیکەیی لە نێوان ساڵانی( ١٦٦٠ - ١٦٧٠) زایینی ژیاوە (طاهری، ١٤٠٣: ص٧٧).کە هاوکاتە لەگەڵ کۆتایی هاتنی بنەماڵەی سەفەوی و ئەفشارییەکان، هەرچەندە تا تەمەنی ناوەڕاستی سەرەتایی لەگەڵ باوکی( سەید ڕوستەم) لە (بەغداد)دەژیا ، بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر لە بەغدا نەمایەوە و پێدەچێت دوای هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی گەنجدا گەڕابێتەوە بۆ (دەکە) گوندێکە سەر بە شاری (خانەقینە)لە نێوان گوندی (ساڵح ئاغا) و(باوە محمودە) کە ئێستا ئەوە گوندە بوتە پێنج گوند هەموویان پێشگری دەکەیان هەڵگرتەوە , تا کۆتایی تەمەنی لە دەکە دەمێنێتەوە . ڕۆژێک کاک (ئەحمەد باراندێ) میوانی هەبوو، خێزانی بەپەلە دەستی خستە ناو ڕۆنی گەرمەوە و ئاغا ئەحمەد کە سەرنجی خزمەتی ژنەکەی لە چێشتخانە بینی ، هەر ئەو ڕۆژە مژدەی منداڵێکی بە خێزانەکەی دا, پێی گوت کە بەم کارە تۆ تاجی شاهانەت لەسەر سەری کوڕەکەت داناوە. بەناوی (عەباسە) ، بنکە و بارەگای سەرکردایەتی خێزانەکەبەشێوەیەکی کردەیی لە کۆشکەکەدا هەڵکەوتووە. لە ڕاستیدا ئەگەر لە سەرەتای(نیوەی دووەمی سەدەی پازدەهەم)ی زایینی بەرواری دەست لەکارکێشانەوەی (شاهەیاس) لەبەرچاو بگرین، هەمان ساڵانی دوای دەست لەکارکێشانەوەی شا هەیاس، (سەید ڕوستەم) و بنەماڵەکەی موسڵیان بەرەو ناوچەکانی باشوور بەجێهێشت لەسەر ئەم ڕێگایە، ماوەیەک لە دەکە مانەوە، پاشان چوونە بۆ بەغداد. کۆچی بنەماڵەی شا هیاس، لەگەڵ ساداتەکان لە ڕەچەلەکی شا هیاس و پیر دەستووەر وکۆمەڵێک لە شاگردەکانی ئەو بنەماڵەیە لە گوندی (دەکە و بنچیرە و خانەقینەوە) بۆ ناوچەی دینووری کرماشان لە سەردەمی ئاغا ئەحمەد باراندەدا دامەزرا(طاهری، ١٤٠٣:ص٨٨).هەرچەندە ئاغا ئەحمەد چەندین جار سەفەری بۆ ئێران کردووە، بەڵام هەرگیز لە ئێران نەماوەتەوە و بنکە سەرەکییەکەی لە دەکە ماوەتەوە تا کۆتایی ژیانی. دوای ئەوەی (کەریم خان زەند) هاتە سەر دەسەڵات و عەشیرەتەکانی پەهلەوی یەکخست، خێڵی مافیا و نانکۆلیش لەگەڵ کەریم خان یەکدەگرن و هاوکاریان کرد، ئاغا ئەحمەدیش چەندین جار سەفەری ئێرانی کردووە، چونکە خێڵی (مافیا و نانکۆلی) شوێنکەوتووی ئەو بنەماڵەیە بوون. ئەم عەشیرەتە کە لە نێو هێزە نوخبە و متمانەپێکراوەکانی کەریم خاندا بوون، لەگەڵیدا کۆچیان کرد بۆ( شیراز) کردەوە. ڕۆڵێکی بەرچاویان لە چەسپاندنی دەسەڵاتی کەریم خاندا هەبوو. یارسانەکان بەتایبەت بنەماڵەی (بابایادگاری شا هەیاسی و عەلی قەڵەندەریش بە بەشێک لەم هاوپەیمانییە). بەڵام یەکەم و دوا سەفەری فەرمی کاک ئەحمەد باران بۆ ئێران بەرەو کۆتایی تەمەنی بوو. چیرۆکەکە بەم شێوەیە کە کەریم خان زەند سەفەرێکی ناوەوەی هەبووە و شەوێک لە خەونەیکدا سەیدێکی بەشێوەیەکی ڕووناکی بە ڕیش سپی و شاڵ و دەستکێشێکی سەوزەوە بینی کە مژدەی پێدا کە لە داهاتوودا دەبێتە پاشای ئێران و وتی من "ئەحمەد" باراندەم، خەڵکی

گوندی (دەکە)م ، کاتێک کەریم خان زەند هاتە سەر دەسەڵات، خەونی ڕاستەقینەی خۆی لەبیر بوو، بۆیە ئەو پرسیاری کرد لەلایەن دەربارەکانەوە بۆ دۆزینەوەی خاکی (دەکە) دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە گوندێک بە ناوی دەکە هەیە ,کە خەڵکەکەی یارسان بوون و هەندێک سادات لەم ناوچەیەدا هەبوون کە گەورەترینیان ئاغا ئەحمەد بارانده بووە. بۆیە کەریم خان فەرمان دەدات ئامادەکاری بۆ گەشتەکەی بۆ ئێران بکرێت. باڵیۆزەکان چوونە لای ئاغا ئەحمەد و پەیامی بانگهێشتنامەکەی کەریم خانیان بە ئاغا ئەحمەد دەگەیاند. پاشان ئاغا ئەحمەد لە ڕەچەڵەکی پیر دەستۆوەر و شاگردەکانییەوە ڕاوێژی لەگەڵ سادات گەورەکەی کرد و بڕیار درا کە بچێتە ئێران لەم سەفەرەدا چەند شەوێک لە شاری سەحنە لە کرماشان مایەوە دەوترێت کە ئاغا ئەحمەد لە گەڕەکی سەحمان ماوەتەوە , دواتر ئەم شوێنە دەبێتە جەمخانەی بنەماڵەکانی حەقیقەت کە لە ئێستادا جەمخانەی سادات( شا ئیبراهیمی و زەل نووری و خامۆشی و بابا حەیدەری وعەلی قەلەندەرییە). پاش ماوەیەک ئاغا ئەحمەد دەگەڕێتەوە بۆ سەر زەوییە عوسمانییەکان، بەڵام شوێنکەوتوانی ئاغا لەلای کەریم خان زەند دەمێننەوە. ئەم دیدارە و ئەو ڕێز و حورمەتەی کە دروست دەبێت، بناغەی بەها و شکۆیەک بۆ بنەماڵەی شاهەیاسی بە تایبەتی مافیا و نانکۆلی لە چاوی زەند دادەنێت، بۆ ئەوەی ئەم خێڵە بۆ نەوەکانی داهاتوو لە کاروباری دەوڵەتی و سەربازیدا تێوەگلاون، ئەم شکۆ و شەرەفەی بنەماڵەی شاهیاسی بەردەوام بوو و تا سەردەمی پاشاکانی قاجار بەردەوام بوو(طاهری، ١٤٠٣:ص٩٠).هەمیشە هەوڵیان داوە ئەم پەیوەندییە بە شێوازی جۆراوجۆر بپارێزن، وەک پێدانی نازناوی سەرکردایەتی خێڵەکی و بەشداریکردنی گەورەکانی خێزان لە کاروباری حکومەتدا. لەو کۆبوونەوانەدا پاشا یان وەزیرەکانی ئەو سەردەمە پێشنیاری هاوسەرگیری و هاوپەیمانییان بۆ کچەکانی ئاغا ئەحمەد دەکرد کە لە نێو پاشاکاندا بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتیان نەریت بوو. ئاغا ئەحمەد سێ کچی گەورەی هەبوو بە ناوەکانی( گوڵین و مەلەک و بەدری). وە لە کچەکان دەپرسێت "کامتان حەز دەکەن بەڵێ بۆ ئەم پێشنیازە بڵێن, گۆڕی گوڵین و موڵکی کچانی ئاغا ئەحمەد بارانده لە کۆشکەکەدا گلین ڕەتیدەکاتەوە، هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی تر بە پێچەوانەی مەرجەکانی گرێبەستەکە دەزانێت,هەروەها مەلەک خۆی بە خزمەتکاری ئەو دوکاندارە دەزانێت کە هەمان نازناوەکەی هەیە و ئەم هاوسەرگیرییە قبوڵ ناکات، بەڵام بەدری دەیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکات و وەڵامی ئەرێنی دەداتەوە. کاک ئەحمەد لە وەڵامدا دەڵێت کچە بچوکەکەی ئامادەیە بۆ شووکردن، دواتر ئاغا ئەحمەد دوو کچی دیکەی بوو بە ناوەکانی (خورشید و مەلەک زادە) بە گشتی پێنج کچی بووە، بە ناوەکانی (گولین، مەلەک ,بەدری، خورشید و مەلەک زادە. گێلین و مەلەک و بەدری ). خورشید و مەلەک زادە لەگەڵ دایکیان (خوردە خانم) و (ئاغا عەباس) کۆچ دەکەن بۆ ئێران. گۆڕی (گێلین و مەلەک )لە گوندی دەکەیە ، گۆڕی (خورشید و مەلەکزادەش) لە (جیهون ئاباد)، لە تەنیشت گۆڕی دایکیان، خوردە خانم. ئاغا ئەحمەد بە منداڵەکانی و حەکیمە کۆنەکانی و شاگردەکانی دەڵێت دوای من کاروباری بنەماڵە بە (ئاغا عەباس)دەسپێرم. دوای پرسەی (ئاغا ئەحمەد),گۆڕ و مەزارگەیەکی بۆ بنیاد دەنرێت کە ئێستا گڵکۆی ئاغا ئەحمەد باراندێ لە خانەقین لەگوندی دەکەییە (طاهری، ١٤٠٣:ص٩١).

مەزاری شێخ باوە

گوندی (شیخ باوە) دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری خانەقین ,لای ڕووباری سیروان لە باشووریش لە گوندی کوڵەجۆ نزیکە تاوەکو دەگاتە پردی جەلەولا. گوندی شێخ باوە شوینەوار و مەزارگەی زۆری تیدایە کە ئیستا بوونەتە جێگای پیرۆزی بەشیک لە ئاینزاو و مەزهەبە جۆربە جۆرەکان ,لە گرنگترین ئەو گۆڕستانانەی دەکەونە سنوری ئەم گوندە (گۆڕستانی خشت کەن ,گۆڕستانی قەڵا, گۆڕستانی گومیکە ,گورستانی میلەکان , گۆڕستانی عەلوەش,گۆڕستانی عوجە ).(گۆڕستانی شیخ باوە) دەکەویتە نزیک مەزارگەی (شیخ باوە ),(عەبدلکەریم، ٢٠٢٢: ل٣٣,٣٤) .یەکیک بەوە لە پیرەوانی ئاینی یارسان, کە ناوی شیخ باوەی حە کیم بووە,هاوڕێی باوە محمود بووە, بەپێی ئەوە بێت شێخ باوە حەکیم لە سە دەی هە شتە می کوچی ژیاوە(عاصی، ٢٠٢٠:ل٣٥٣).

تاشی هۆرین

پیرۆزی (تاشی هورین) لەوەوە سەرچاوەی گرتووە ,کە (موبارەک شای لوڕستانی) کە بە (شاخۆشین) ناسراوە(بهرام، ٢٠١١: ص٣٢١),(هەورامی، ١٩٨٤:ل٣٦٣).لە سەرەتای (سەدەی یانزەیەم)ی زایینی لە دایکێکی باکیرە بە ناوی (جەلالە خانم) کە کچی (میرزا ئامانەی)فەرمانڕەوای (لوڕستان) بووە(توفیق، ٢٠٢٠:ل٥٠) .ئەم زاتە هاودەمی بابە تاهیری هەمەدانی بووە، چاکتر بڵێین( بابە تاهیر و فاتمە لوڕە) لە یارانی شاخۆشین بوون. شاخۆشین و بابە بزرگ، کاکە ڕەدا، خوداداد، هندۆلە، میرزا ئامانە، ڕێحان خانمی لوڕستانی، لزا خان جاف و هتد.. (کاکەی, ٢٠٢:ل٦٣).بە دەنگی خۆش و بە ئاوازی تەمیرە سروودەکانی خۆیان بۆ یارانیان چڕیوە (طاهری, ٢٠٢٠: ص٢٩) .باوە خۆشین لە تەمەنی (شەست ساڵیدا) لە( ڕووباری گاماسب)(هەندێک دەڵێن مەعزاو یان مەسەناو) غەیب دەبێت و بەڵێن دەداتە یارانی کە دوای سێسەد ساڵ پەیدا ببێتەوە، بەم پێیە دوای ئەو ماوەیە شاخۆشین لە دۆنی کەسایەتیی باباووس پەیدا دەبێت(مرادی، ١٩٨٦:ص٤٣,٤٤).

ئیدی (شاخۆشین) سڕ(نهێنی) دەبێت، تا پاش سێسەد ساڵ سەرلەنوێ لە شارەزوور پەیدا دەبێتەوە و بارەگای خۆی دەباتە هەورامان. بەو ماوەی غەیب بوونەی دەگوترێت: سێسەد ساڵ سر. لە کلامی یاریدا هاتووە:

ئەوکۆی هەورامان بارگەی "شا"م وەستەن ئەوکۆی هەورامان

زات خودایی قانیع غوڵامان سیسەد ساڵ سڕ پی کەس وە پێش نەزان(طاهری، ٢٠٠٧:ص٣٧٦).

شاخۆشینی کاتێک کۆچی دوایی کرد، هەرکەسێک دوای شاخۆشین بتوانێت ئەم بەڵگەنامەیە بدۆزێتەوە، ئەوا خودی شاخۆشین، کە بەرەو کایەی تر دەبات، وەک لەم کەلام ئاماژەی پێکراوە. باس لەوە کراوە:

ئەو تاش هورین ئەو تاش هۆرین

بارگەی شام  وەستەن ئەو تاش هۆڕێن
پێری قەباڵش نیا نە سەرین
هەرکەس بەر ئاوەرد ئوەن خۆشین(هەورامی، ١٩٨٤:ل٣٦٣).

مەزاری یارسانەکان (کاکەییەکان) لە (بەغداد)

مەزاری شا ئیبراهیم

(شا ئیبراهیم) یەکێکە لە حەوت بنەماڵەکەی حەقیقەت . کە ناوی (شا ئیبراهیم کوڕی سەید محمد گەورەسوارە کوڕی سوڵتان سەهاک) (ڕەش، ٢٠٠٦: ل٩٤).شائیبراهیم لە (سەدەی چواردەیەم)ی زایینی چاوی بەڕووی جیهاندا کردەوە. ناوی دایکی خاتوون( زەینەب)ی کچی میر (خوسرەو لوڕستانی)بووە(بهرام، ٢٠١١: ص٣٢٦).بە فەرمانی (سوڵتان سەهاک) سەفەری (بەغدادی )کردوە , بۆ ڕێنوێنی و ڕێنمایی خەڵکی عێراق و بەشێک لە خەڵکی ئەو خاکە پێشوازییان لێکرد و ڕێگا و شێوازەکانی یارسانیان  قبوڵ کردەوە . ئەم گرووپە کە ڕێگا و شێوازی یارسانەکانی عێراقیان گرتۆتە بەر، ئێستا لە خانەقین و مەندەلی نیشتەجێن و بە کاکەییەکان ناسراون. شا ئیبراهیم (شەبرایم) لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە، مەزارەکەی دەکەوێتە ناوچەی (شێخ عومەر) لە بەغدا و ئێستا پێی دەوترێت مەزاری (سەید ئیبراهیم)،(زادە، ١٣٧٥:ص٢٥).بەو پێیەی کە ڕەچەڵەکی ساختەی بۆ کراوە بە یەکێک لە نەوەکانی موسا کازم دادەنریت(عاصی، ٢٠٢٠:ل٣٦٠).

مەزاری یارسانەکان (کاکەییەکان ) لە (گەرمیان ,کەرکوک)

دەڤەری گەرمیان و کەرکوک  بە مەڵبەندی باوەکانی کاکەی دەناسریت ,بەهۆی هەبوونی مەزارگەیەکی  زۆر لە باوەکانی  یارسان لەو ناوچانەدا , ووشەی (باوە, باوا) لەناوکلامی (سەرئەنجام دەورەی ناووس)  ئاماژەی پیدەراوە ناوی (باوە علی هەمەدانی) هاتوە ,بەخودی ناووسیش وتراوە باوە لە کلامی (شێخ جمال کاژاوی) بەناووس دەڵێت (باوە ئێت سازان ئاسمانو جام نویر), هەروها بە مالی شێخ عیسی گۆران بە باوە یان بابا ناسراووبونەوە و بانگ کراون(عاصی، ٢٠٢٢:ل٤٢).

مەزاری باوە قەتاڵ

(باوە قەتاڵ) مەزارگەی یەکێک لە پیاوانی یارسان, ئێستا بوەتە زیارەتگەیەکی ئاینی یارسان بەسەر لوتکەی چیایەکەوە لە نزیک گوندی (کۆرمۆری جان وەیس بەگ ) ،لەم ناوچەیە کانیاوێکی گەراویشی لە پاڵدایە , زۆرێک لە کاکەیەکانی هەورامان  و کەرکوک هەموو ساڵێک دەهاتن بۆ سەر مەزاری (باوە قاتەڵ) بۆ زیارەت و بەرەکەت , دەواریان هەڵدەدا و چەندین مانگ لەوێ دەمانەوە ,خەریکی دروستکردنی خواردنی کوردەواری دەبوون, لە بارەی بنیادنانی ئەم زیارەتگەی باوە قەتاڵ,دەڵێن  کاتی خۆی (جان وەیس ) بەگی گەورەی سەرۆک هۆزی (گلی) توشی دەردێکی پیس دەبێت , هەر حەکیمێک دەهێنن سەری بۆی چارە ناکرێت,ماوەیەک لەناو جێگادا دەکەوێت چاوەڕوانی مەرگی خۆی دەکات,دەڵیت لە خەونمدا یەکێک لە پیاو چاکانی هاتووەتە خەونم شیفای داوم, بەهۆی ئەم بڕیاری داوە مەزارگەیەک بۆ ئەم زاتە گەورەی یارسان لە لوتکەی چیاکە دروست بکات . ئەم زاتە پیرۆزە هەر لەنەوەکانی باوەیسی  کوری سوڵتان سەهاکە بە فرمانی سوڵتان سەهاک نیردەراوە بۆ ناوچەکانی گەرمیان بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی یارسان  لە سەدەی هەشتی کۆچی(عاصی، ٢٠٢٠: ل٢٤٣ -٢٤٤).

مەزاری باوە نوور

ئەم زاتە پیرۆزەی کاکەی لە چینی باوەکانی کاکەی کە پلەیەکی دیارو بەرزە ی هەیە لە ئاینی یارسان.ئەمیش بەهەمان شێوەی مەزارگەکانی باوەکان لە دەڤەری گەرمیان دەگەرێتەوە بۆ سەدەکانی ( چواردەهەم)ی زایینی لە نەوەکانی (باوەیسی کوری سوڵتان سەهاک )ڕێبەری یارسانەکان, بە بۆچوونی بەندە لە سەردەمی باوەیسی کوری سوڵتان سەهاک کورەکانی ناردەوە بۆ ناوچەکانی تری گەرمیان بۆ ئەوەی گرنگی بە ئاینی یارسان و بڵاوکردنەوەی  ڕینمایەکانی  ئاینیی یارسان بەدەن, بە ڕاسپاردەی سوڵتان سەهاکی ڕێبەری ئاینی یارسان. گۆری باوە نووری لە پشتی شارۆچکەی باوەنورەوەییە دەکەوێتە نێوان کەلار و دەربەندیخان  , بەلای خەڵکی ناوچەکە مەزارگەیەکی پیرۆزە , خەڵکی ناوچەکە بۆ مەبەستی بەرەکەت لایەنی رووحی سەردانی دەکات(عەلی، ٢٠١٠:ل١٧).

مەزاری باوە شاسوار

مەزاری باوە شاسوار دەکەوێتە باکوری شارۆچکەی کفریەوە , لەسەر قەد پاڵی نیمچە شاخی ,کە  مەزارگەی باوە شاسوار  بنیادنراوە. بە یەکێک لە پیاوچاکانی یارسان دادەنرێت , ئەم زاتە پیرۆزەی باوەی یارسانی بە هەمان شێوەی باوە نوور و باوە قاتەڵ(بەهرۆز، ٢٠٢٣:ل٦٥٢) .لە نەوەی باوەیسی کوری سوڵتان سەهاکە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئاینی یاری رووی لەم ناوچە کردوە. هەوڵی داوە ڕێنمای خەڵکی ناوچەکە بکات بۆ ئەوەی ئاینی نوێی یاری پەسەند بکەن , کە لەسەر راسپاردەی سوڵتان سەهاک کە باوەیسی کوری ناردوە بۆ ناوچە جیاوازەکان , باوەیسیش  کورەکانی بۆ تەواوکردنی فرمانەکانی باوکی راسپاردوە بۆ ئەوەی تەکیەوە جەمخانە بکەنەوە , بانگی حەقی یاری بە گوێی خەڵکی ئەو ناوچە بدەن , بانگیان بکەن بۆ ناو ئاینی نوێی یارسان.بەلاَم لە تازەترین توێژینەوە دکتور زەرا دەڵێت رەنگە لەبەر ئەوەی (ماجدی کوردی) ماوەیەک وەک سوارێک لە ڕیزی سوپای میری عەرەب (سیف الدولە صدقە)دەجەنگا,پاساوی ئەوە بێت کە بە باوەشاسوار ناوداری دەرکردبێت, ئەمە بۆچوونێکی زۆر لاواز دەڵێت لەسەردەمی لاوێتی بەشداری جەنگی کردوە دوای بۆتە سەرباز ,دوایی دەڵێت ڕێگای صۆفیگەری هەڵبژاردوە, ئەگەر بۆچوونی دکتور زەرار دروست بێت ئەوە دەبێت بە عرەبی نازناوی شاسواری وەرگرتبێت نەک بە زمانێکی کوردی, بەرێزیان لەسەرەتای توێژینەوەکە دەڵێت ئەو بۆچوونە سواوە ,کە باوە پایەدارێکی ئاینی یارسان بێت (تۆفیق، ٢٠٢٥: ل٥٧٥-٥٧٦),(تۆفیق، ٢٠٢١: ل٢٢٧). لەکاتێک بەشێکی زۆری باوەکان لەم دەڤەر ڕۆڵیکی ئاینیی گەورەی یارسانیان گیراوە ,لە کەرکوک گوندەکانی کاکەی تەکییەی باوە حەید

وەجودی هەیە. بە بۆچوونی بەندە, یان ئەم زاتە نەوەی (باوە وەیسی کوڕی سولتان سەهاک)بووە یان لە نەوەی میر ئەسکەندەری کوری باوە دانیالی کە دەکاتە برازای (باوە حەیدەر کوڕی بابا ئیسماعیل کوڕی یار تەمر کوڕی پیر ڕۆستەم سۆیەیە). (کاکەیی، ٢٠١٣: ل٥٦٣).لە ناوەجەکانی گەرمیان لە خودی کەرکوک بەوە ,ماوەیەک دوای کۆچی کردەوە بۆ (کفر ئاوەری گەیلانی غرب ) ئێستا مەزارگەی باوە حەیدەر لە کفر ئاوەرە (بەخشی، ٢٠١٥:ل١٣١).

بابا گورگوڕ

ناوی ئەم زاتە پیرۆزەی یارسانی کە ناوێکی ناسراوی لە پارێزگای کەرکوک, بەپێی ئەو ئەنجامەبێت کە دکتور زرار سدیق سەبارەت بە (بابا گوڕ گوڕ), ئەوە ڕوون دەکاتەوە ,جگە لە بابا گوڕ گوڕی کەرکوک لە سێ جێگای تر ناوی هەیە، لە گرنگترینیان و کۆنترینیان ,جێگایەکی پیرۆزە راستەوخۆ پەیوستە بە کەسایەتی بابا گوڕگوڕەوە وە بگرە زیدی رەسی بووە .گوندی بابا گوڕ گوڕە کە بیست کیلومەترێک دەکەوێتە با کووری شاروچکەیەک بەناوی (قروەی)ناوەندی ناوچەی (ئەسفەندە ئاباد) لە پارێزگای (سنە ) بەپێی ئەو دەرئەنجامەبێت ناویشی سەید جمال الدین بووە, لە دەوروبەری ساڵی (٩٠٠)کۆچی بەرامبەر بە (١٤٩٤-١٤٩٥)زایینی ژیاوە. خاوەنی تەکییەی خۆی بووە لە گەڕەکی مەیدان ,ئامۆژگاری وکلامەکانی یاری لە نیو خەڵک بڵاوکردۆتەوە.(بەهرۆز، ٢٠٢٣: ل٦٦٢) ئەگەر بەپێی ئەو ساڵەبێت هاوسەردەمی باوە حەیدەر یان بابا حەیدەر بەوە, بەپێی کتێبی (تاریخ فەلسەفەی سەرئەنجامی)(تەیب تاهری )بێت, (بابا حەیدەریش) لە سەدەی( دەیەمی) کۆچی ژیاوە ,ئاماژە بەوەیش دەکات کە (بابا حەیدەری) یارسانی لە کۆتایی دەسەڵاتی سوڵتان (حوسینی سەفەوی )و لەکاتی کۆمەڵکوژی سەیدەکان ,کەرکوکی بەجی هێشتەوە ,ڕووی کردۆتە ناوچەی کفرئاور لە گەیلانی غرب لەوێ کۆچی دوایی کردوە ,بەهۆی ئەوەی نەوەی نەبووە,(بابا ئەسکەندەری کوری بابا دانیاڵ) دەکاتە برازای (بابا حەید) , جیگای گرتووتەوە ,کاروباری موریدەکانی ڕاپەراندوە ,ئەمە ئەوە دەگەیێ کە بابا گوڕ گوڕ لە ڕیبەرانی ئاینی یارسان بووە , سەبارەت بە بابا گوڕ گوڕ بە شێکی زۆری یارسانەکان بە پیرو زاتێکی یارسانی سەیری دەکەن ,داوای بەرکەت و بە دیهێنانی ڕازو نیازەکانیانی لێدەکەن(بەخشی، ٢٠١٥: ل١٣١).

مەزاری خان ئەحمەد

(خان ئەحمەد نەوەی ئیبراهیم کوڕی محمد کوڕی سوڵتان سەهاک) . لە سەدەی (چواردەهەم)ی زایینی لە شاری (کەرکوک) لە دایک بووە. باوکی شارەزوری بەجێهێشتبوو بۆ بانگەوازی کاکەیی چووبووە ئەم شارە. کوردێکی زۆری کەرکوک لە دەوری کۆبوونەتەوە. لە نێو خەڵکی ئاساییدا بە (ئیمام ئەحمەد) ناسرابوو، لە کاتێکدا کاکەییەکان پێی دەڵێن (خان ئەحمەد). مەزارەکەی و ئەو گۆڕستانەی کە تێیدایە بە ناوی ئیمام ئەحمەدەوە ناونراوە(رەش، ٢٠٠٦:ل٩٤-٩٥),(العزاوی،٢٠١٦:ص٤٢).بەڵام (تەیب تاهیری) پێی وابووە کە (خان ئەحمەد کوڕی میرە بەگ )یان (پیر ئەحمەد کەرکوکی) کە (خان ئەحمەد ) ناسراوە کە لە (کەرکوک) لەگەڵ هاوەڵەکانیدا بووە. دەڵێت نەوەی (شا ئیبراهیم بن میرە بەگ) کە لە (نیوەی دووەمی سەدەی پانزەیەم )ی زایینی ژیانێکی ئاسوودەیی لە باکوری کوردستانی عێراق ژیاوە و گۆڕەکەی تا ئێستاش لە بازاڕی کەرکوکە(طاهری،٢٠٠٩: ص٢٢٩).بە بۆچوونی بەندە ئەم مەزارگەی (خان ئەحمەد خان ), هەمان میری (خان ئەحمەد خانی )فەرمانڕەوای ئەردەڵانی بێت لەساڵی (١٦١٦) زایینی کورسی فەرمانرەوایەتی ئەردەڵانی گرتووەتەدەست,دوای فراوانبوونی سنووری دەسەڵاتی بۆتە جێگای مەترسی بۆ (شا سەفییەی) سەفەوەی,ئەویش فرمانی هێرشکردنە سەر سنوری فرمانڕەوای (خان ئەحمەد خانی )داوە ,هێزێکی زۆری لە قزڵباش بەسەرکردایەتی (زاڵ خان و سیاوش خان),بۆ هێرشکردنە سەر (خان ئەحمەد خان) ئەردەڵان ناردەوە, (خان ئەحمەد خان)یش نامەیەک بۆ (سوڵتان رۆمێ)ناردەوە کە هاوکاری بکات , ئەویش هیزێکی بە سەرکردایەتی (مەنووچەرخان),بۆ هاوکاری (خان ئەحمەد خان) دەنێرێت.لە نزیک زریباری ناوچەی مەریوان شەر لەنێوان هێزی فرمانرەوا ئەردەڵان و سەفەوەیەکان دەروست دەبێت, بەسەرکەوتنی هیزی قزڵباش کۆتای دێت .(خان ئەحمەد خان )ناچار دەبێت بەرەو ناوچەکانی موصڵ پاشەکشە بکات ,لە (١٦٣٧)زایینی لە دەوروبەری مۆسل کۆچی دوای کردوە ,بەهۆی ئەوەی کە کەرکوک بەشێک بووە لە ویلایەتی مۆسل,پیدەچێت ئەم مەزارگەی ئێستای (خان ئەحمەد خان) هەمان مەزارگەی ئەو بێت(موکریان,٢٠٠٢:ل ٦٢-٦٨),(قاضی,١٣٩٢:ص٣١,٣٤).بەڵام زۆرێک لەسەرچاوەکانی یارسان دەیگەرێنەوە بۆ سەدەی (چواردەیەم)ی زایینی . بیروباوەڕێکی بەرفراوان لای خەڵک و بەتایبەت کاکەییەکانی کەرکوک هەیە، کە ئیمام شیفای نەخۆشەکان دەدات، بۆیە خەڵک سەردانی مەزارگەکەی دەکەن بۆ ئەوەی لە نەخۆشیەکان چارەسەر ببن. باشترین ڕۆژ بۆ سەردانی ئیمام ڕۆژی چوارشەممەیە.

مەزاری یارسانەکان (کاکەییەکان ) لە (مۆسڵ)

مەزارگە ئاینی یارسانەکان (کاکەیی) لە موسڵ ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێرن لە ژیانی شوێنکەوتوانی یارسانیەکان و ڕەنگدانەوەی میراتێکی ئاینی ڕەگداکوتاوی قووڵە لە ناوچەکەدا. یەکێک لە دیارترین ئەو مەزارانە (سەید هەیاس) لە گوندی (وەرداکە) کە وێستگەیەکی سەرەکییە بۆ عیبادەت و زیندووکردنەوەی ڕێورەسمە ئاینییەکان. ئەم مەزارگانە بە شوێنی پیرۆز دادەنرێت کە شوێنکەوتوانی یارسان سەردانیان دەکەن بۆ پراکتیزەکردنی ڕێورەسمی تایبەت بە خۆیان، وەک زیکر و پاڕانەوە ، ئەمەش پەیوەندییان بە ئیمانەکەیانەوە بەهێزتر دەکات. ئەم دەبێتە هۆی چەسپاندنی شوناسی ئاینی یارسان , ئەم مەزارانە نوێنەرایەتی بەشێک لە میراتی مێژوویی شاری مۆسڵ دەکەن، ئەم مەزارانە ڕەنگدانەوەی فرەیی ئاینییە لە نەینەوا، کە پێکهاتە جیاوازەکان لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی یەکتردا پێکەوە دەژین. ئەم مەزارگانە سەرچاوەی ناسنامەی کولتووری کاکایین(محمود, ٢٠٢٠:ص١٨-٩١).

مەزاری پیر قەنبەر شاهۆیی

(پیر قەنبەر شاهوی) وەکو پیری ڕێنوێنی بنەماڵە شاهیاسیش دەناسێنرێت, ڕەچەڵەکی پیر قەنبەر دەگەڕێتەوە بۆ (محەمەد بەگ کوری خان ئەتاش)، پیر قەنبەر لە (نیوەی یەکەمی سەدەی پانزەیەم)ی زایینی , لە دەرزیان شاهو دە کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی مەریوانی ئێستا نیشتەجێ بووە. بە پێی بەڵگەی بەردەست و هەموو بەڵگەنامە ئیلاهیاتییەکان، نەوەی میر بووە، کە لە ڕێگەی چەند پیریکەوە گەیشتووەتە خزمەتی سوڵتان سهاکی بەرزنجە(طاهری، ١٤٠٣:ص٣٦).بەو بەڵگانەی کە لەلایەن بنەماڵەی ناوبراوەوە پارێزراو بووە، ئەم گرێ مێژوویە بەهەمان شێوە دەکرێتەوە و ڕوون دەبێتەوە کە بنەماڵەی شاهەیاسی وەک پاشای میوان، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە دەتوانین بنەماڵەی شەهایاسی وەک نەوەی مستەفا بناسێنین،. مەزارگەی پیر قەنبەر شاهوی دەکەوێتە یەکگرتنی ڕووباری خازر و ڕووباری زابی گەورە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای موصل، مێژووی دروستکردنەکەی بۆ پێنج سەدە پێش ئێستا دەگەڕیتەوە , لە کەرەستەی گڵین دروستکراوە هەریەک لە گۆڕی سەید سەوایار و سەید خودایار و سەید خوداقوڵی لەگەڵ گۆڕەکانی تری وەک گۆڕی شێشۆ لە ناوچەی وەردەکە(طاهری، ١٤٠٣: ص٦٥).

مەزاری شا هەیاس

باوکی شا هەیاس ناوی (شا ئەیاز سانی) پیاوی حەقانی لە قوتابخانەی (سەید جەلالدین حەیدەر بوخاری) لە ساڵی (١٤٨٣) زایینی خویندویەتی دوای کۆچی کردەوە بۆ هیندستان دواتر بۆ خاکی کوردستان دەرواتە حەزووری پیر قەنبەر شاهوی. شا ئەیاز ماوەیەک لەگەڵ پیر قەنبەر شاهۆی ماوەتەوە ، پاشان گەڕایەوە بۆ هیندستان و بناغەی ڕێبازی خاکساری دانا دیسان گەڕایەوە بۆ هەورامان ، دواجار لە نزیک ئیسلام ئاباد لە ڕۆژئاوای کرماشان نیشتەجێ بوو(طاهری، ١٤٠٣:ص٤٣).سەرهەڵدانی (پاشا هەیاس) لە کەلامەکانی سەرئەنجام ئاماژەی پیدراوە لەوانە (سوڵتان سەهاکی بەرزنجە) سەبارەت بە دەرکەوتنی شا هەیاس شایەتحاڵی دەدات و باس لەوە دەکات کە لە داهاتوودا کەسێک لە نێو هاوەڵەکاندا دەردەکەوێت کە شا هەیاسە.

سوڵتان مەرەمۆ وەسیەتم هەنەن

| | |
|---|---|
| مێردان کول جەم بوان وەسیەتم هەنەن | ئێ دونیای فانی وە کەس نەمەنەن |
| ئەوسا مە مەڵوم وەی دونیای فانی | شا هەیاس مەیۆ وە هندەو تانی |
| دووبارە شا هەیاس مەڵو جەنی هند | شاهەیاس تانی مەیۆ چە کرند |
| وە کرند مەیۆ وە یانەی عیسا | غولامان ئەو سا چە خاو مەوریزا |
| تەحقیق بزاندی هیچ ماوەردی شەک | وە یانەی عیسا مەڵو وە وەردەک |
| وە ملک وەردەک مەکەرۆ مەوا | ئەو گل مەدەرۆ خۆر چە خۆرئاوا |
| هەر کەس وەراسی بگێرۆش دامان | بی بەش نمەبۆ وە دەور و زەمان |
| هەرکەس وە راسی نە گیرۆش دامان | بەشش مەورۆ وە هەردوو جیهان |

بە هەمان شێوە پیرموسی لە دەورەی کلامی خزانەی لە سەر ئەنجام شایەتی دەرکەوتنی شا هەیاس دەدات

پیرموسی مەرەمۆ

| | |
|---|---|
| بی حەرف و باسە | رای حەق راسییەن بی حەرفو باس |
| بەیان ئەزلەن ڕێزەی ئەلماس | سەرەنجام زات نام هەیاسە |
| رای حەق رسییەن هەرکەس حەق ناسە | تا فەردا بە یۆ زات خۆڵاسە(طاهری، ١٤٠٣: ص٧١). |

باس لەوە دەکرێت کە کەسێک بە ناوی( ئەیاز تانی) لە هیندستانەوە بۆ شاهۆ سەفەری کردووە و لە ساڵی( ١٤٨٣) زایینی چووەتە ناو پیر قەنبەری شاهوییەوە و لە ماوەیەکی کورتدا سیستەمی جێنشینی شا ئەیاز تانی بە هەمان شێوە بەڵێنی داوە کە زەمینەسازی بۆ سەرهەڵدانی شاهەیاس ئامادەبەکات. (شا هەیاس ) لە گوندی( باسەکان) لە ٠پەردیوەر) کە دەکەوێتە سەر سنووری عێراق و ئێران و لە ئێستادا لە سنوورەکانی ئێران لە دایک بووە لە کۆتایی (نیوەی یەکەمی سەدەی شانزەیەم)ی زایینی دەردەکەوێت و لە ناوچەی (بەینان) لە (وەرداک) لە پارێزگای موسڵ لە عێراق سەرهەڵدەدات. سەبارەت بە مەزنایەتی، لە دەستنووسێکی تایبەت (بە نور عەلی شا)، کە لە ناونیشانی "ئەبەدی پێش دروستکردن"دا ئاماژەی پێکراوە(طاهری، : ص٧٣) .هەندێک لە گێڕانەوەکان باس لەوە دەکەن شا هەیاس لە ساڵی (١٥٣٦)ی زایینی وەک منداڵێک بۆ (شێخ عیسا باسان)ی دەردەکەوێت و باوکی بەخێوکەرەکەی پیر عیسا باسانییە و دایکی بەخێوکەرەکەی ناوی "(شاهوارە)". دوای ئەوەی پەروەردەی دەکەوێتە سەر (شا ئەیاز )هیندستانی، سەید (قەنبەر شاهوی) ، لە ڕێگادا چەند منداڵێک دەبینێت کە یاری دەکەن، وەک خۆر. یەکێک لەو منداڵانە هێندە گەشاوەیە کەس بەرگەی سەیرکردنی ناگرێت و بێگومان دەبینن ئەو منداڵە دەستی هەریەک لە منداڵەکانی گرتووە، بەبێ ئەوەی نوقم بێتە ناو ئاوی ڕووباری سیروان، منداڵەکان بەرەو ئەودیوی ڕووبارەکە دەبات. (سەید قەنبەر) بە بینینی ئەم موعجیزە چووە پێشەوە و سوجدەی بردە بەردەم منداڵە ڕووناکەکە و پرسیاری کرد, تۆ کێیت و لێرە چی دەکەیت؟ لە وەڵامدا دەڵێت "ئەمە شوێن و ماڵی منە. سەید قەنبەر شاهوی هەنگاو دەنێتە پێشەوە و دەستی منداڵەکە دەگرێت، دەیەوێت لێی بپرسێت، بە گرتنی دەستی منداڵەکە، خۆی بە (شا هەیاس) دەناسێتەوە. لەگەڵ دەرکەوتنی جەوهەری شا هەیاس، حەوت دۆستی قوڵتاس کە ئەرکی خۆیان جێبەجێ کردبوو، دەمیان دەکەنەوە بۆ وەسفکردنی سەرهەڵدانی شا هەیاس و لەم بارەوە کۆمەڵێک وشە پێشکەش دەکەن. یەکێک لە موعجیزەکانی سەردەمی شا هەیاس سەردانەکەی بوو بۆ ناوچەی (خانی گۆران), دوای ئەوە کۆچکردنی شا هەیاس لە شاهو بۆ دەکە شاهەیاس و هاوەڵانی لە ئێرانەوە بۆ

عێراق لە سەردەمی گەنجی شا هەیاسدا ڕووی داوە. لە هەورامان و شاهوەوە مەیلیان بەرەو ناوچە گەرمەکان و سەرچاوەی عەشیرەتی (ماقی و نانکول)ی لە ناوچەکانی دالەهۆ و سەرپێڵی زەهاب و قەسری شیرین تا دەگەنە گوندی دەکە لە خانەقین(طاهری، ١٤٠٣:ص٨٢).دوای ئەوە شا هیاس و هاوەڵەکانی لە (دەکەوە) کۆچ دەکەن بۆ ناوچەکانی باکوور. بە تایبەت ناوچەی بەینان لە پارێزگای مۆسل(طاهری، ١٤٠٣:ص ٨٣).لە ڕاستیدا هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم شوێنە لەلایەن شا هەیاس بۆ ئەوەی بتوانێت کاروباری شوێنکەوتووانی دابین بکات. بەینان لە چەند گوندێک پێکهاتووە(طاهری، ١٤٠٣:ص٨٤). دوای ئەوە شا هەیاس لە گوندی (وەردەک) دەمێنێتەوە و لەوێ لەگەڵ (خاتوون میانا) هاوسەرگیری دەکات و لە (ناوەڕاستی نیوەی یەکەمی سەدەی شانزەیەم)ی زایینی ئاغا ڕۆستەم" لەدایک بووە. شا هەیاس لە ناوەڕاستی سەدەی (شانزەیەم) ی زایینی کۆچی دوایی کرد و مەزارگەکەی لە وەرداک لە دەڤەری بایەنان دروستکرا . لە ئێستادا خەڵکی یارسان، بە تایبەت مورید و خۆشەویستانی بنەماڵەی شا هەیاس، لە ناوەڕاستی مانگی دەیەمی ساڵنامەی کۆچی، کە لە وەرزی پایزدایە، ئەم ڕێوڕەسمە ئایینیە ئەنجام دەدەن قوربانی بۆ دەکەن(طاهری، ١٤٠٣:ص٨٥).

مەزاری یارسانەکان (کاکەیی) لە (هەڵەبجە و شارەزوور)

هەڵەبجە و شارەزوور ناوەندێکی گرنگی ئاینی و مێژوویی و ڕۆشنبیری یارسانەکان بووە،کە بە شوێنێکی پیرۆزی سەیردەکرێت لای یارسانەکان,بەهۆی سەرهەڵدانی ئاینی یارسان لەم ناوچە ,بەشێکی زۆری مەزارگەکانی ئاینی یارسان دەکەونە ئەم ناوچانە بە تایبەت گوندی هاوار کە ناوەندێکی گرنگی یارسانەکان و پیرۆزییەکی زۆری هەیەلە لای پەیڕەوانی یارسانەکان لە سەردەمی سوڵتان سەهاک بەرزنجی فەرمانی بە(داود کوسوار) کردووە کە بچێتە هارار، هاوار بۆ ماوەی زیاتر لە( ٨٠٠ )ساڵ پەناگەیەک بووە بۆ یارسانەکان, ئەو مەزارگانەی دەکەونە ئەم ناوچانە نوێنەرایەتی میراتێکی مێژووی هەشت سەد لەمەو بەر دەکەن . تا ئەمرۆ پەیرەوانی یارسانەکان سەردانی ئەم مەزارگەیانە دەکەن ڕێورەسمی ئایینی تێدا ئەنجام دەدەن(هاواری، ١٣٩٩:ل١٣٨-١٣٩).

مەزاری (بابا ناووسی جاف)

(باوە ناووس) بە پێ کتێبی پیرۆزی (سەرئەنجام) لە(سەدەی پێنجەم)ی کۆچی ژیاوە. ناوی تەواوی (ئیبراهیمی کوری ئەحمەد )لە بنەماڵێکی ناسراوی گوندی (سەرگەت ) لە هەورامان , بە چوارەم ڕابەری ئاینی یارسان دادەنریت(رۆستەم، ٢٠٠٦:ل٥١) .مەزارگەکەی دەکەویتە گوندی (سەرگەت) یەکێک لە گوندە کۆنەکانی هەورامان و بەشێکە لە ناحیەی (بیارە). سەرگەت ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوونی بابا ناوس سەرگەت بووە. هەر بۆیەش لە نێو پەیرەوانی ئایینی یارساندا زۆر پیرۆزە. سەبارەت بە گرنگیی مەزارگەی پێرۆزی بابا ناووس سەرگەت بۆ یارسانیەکان (طاهری، ١٣٩٩:ص٢٠).

لە کلامی دیوانی بابا ناووس دەفرموویت

نامم‌ەن بلە و شۆرەتم ناوس بابۆم ئەحمەدەن صاحب جا وکووس

پێکانم وەسەر جوقەی پەر تاوس زات ئا سوارەنان چەنی کەیکاوس

دەفەرموویت من ناوم (بلە)یە و بەناووس ناسراوەم , باوکیشم ناوی (ئەحمەدە )کە خاوەنی شوێن و ناوی خۆیەتی پەری تاوسم لە سەر ناوە ,لەگەڵ کەیکاوس لەیەک ڕەچەلەکین(دکەای، بی. بەندی ٤٣).

چادرگەی سوڵتان سهاک

سوڵتان سەهاک بەرزنجی لە هاویندا دەچووە (شنروێ) دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری هەڵەبجە و لەوێ چادرێکی هەڵدەدا. تەنانەت ئەمڕۆش بە ناوی چادرگەی شنروێ ناسراوە , پەیرەوانی یارسان ئەو شوێنە بە پیرۆز سەیردەکەن(رۆستەم، ٢٠٠٦:ل١٦٢).لەم کەلامە باسی ئەم چادرگەییە دەکات.

عەزمم سەیوانا بە سەیری و سەوی

غولامان بیروی راگە سەر هەوی

وەرگیردی چادر هەفتادو و دوێ

پەی سەر کەل و شتدوری رەوی(بهرام، ٢٠١١:ص٣٠٨).

مەری نەوێ (ئەشکەوتی نەوێ)(رۆستم، ٢٠٠٦:ل١٦٠).

یەکێکە لە گوندە دێرینەکانی شارزۆر و چەندین شوێنەواری کۆنی تێدایە، وەک قەڵای زیندان و نانەواخانە خەڵکی ناوچەکە بە قەڵای زوحاک ناوی دەبەن . ئەم ئەشکەوتە بە لای خەڵکی یارسانی بە چاوێکی پیرۆزەوە سەیردەکرێت ,ئەمیش بۆ ئەوە دەگەڕیتەوە کاتێک لەشکری جایک (چیجاک) بەدوای( سوڵتان سەهاک بەرزنجی) و هاوەڵەکانیدا ڕۆیشتن، ئەوانیش بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەم ئەشکەوتەدا خۆیان حەشارداوە (هەورامی، ١٩٨٤:ل٢٦٢),(رۆستم، ٢٠٠٦:ل٥٤).لەم کەلامی یاسان بەم شێوە ئاماژەی پیکراوە.

ئەی مەری نەوێ ئەی مەری نەوی

بارگەی شام وەستەن ئەی مەری نەوی

بەهۆی ئەم روداوە ,پەیرەوانی یارسان سێ ڕۆژ بە ڕۆژودەبن(بهرام، ٢٠١١:ص٣٢١-٣٢٢).

مەزاری ئەحمەد برندە

گوندێک دەکەوێتە دەوروبەری ناحیەی دەربەندیخان  لە لای چەپی رێگای زەرایەن ,مەزارگەیەک هەیە کە ناوی (ئەحمەد برندە)یە ,دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی شا خوشین بە فەرمانی شاخوشین (موبارەک شا) لەوی نیشتەجی بووە. ئێستا ناوی گوندەکەیش هەر بەناوی ئەحمەدی برندەوە ناو نراوە(بهرام، ٢٠١١: ص٣٢٢),(رۆستەم، ٢٠٠٦:ل١٦٠),(هەورامی، ١٩٨٤:ل٢٦٦).

مەزاری شێخ رەش

ئەم مەزارە دەکەوێتە نزیک گوندی شێشکی دو مالێ (شێشکی حاجی سا) لە دەڤەری شارەزوور , بۆ یارسانییەکان زۆر پیرۆزە. پەیرەوانی یارسان  پێیان وایە کە شێخ رەش لە سەردەمی سان سهاک بەرزنجی لە دۆن شا ئیبراهیم بووە(رۆستەم، ٢٠٠٦:ل١٦١).وەک لەم کەلامە هاتووە

ئەز ئەحمەدم شێخ رەش بی خۆنین

ئیبراهیم من کاکەم بی سەمین

هەق ئەزش سەن نە کۆی هەفتین

شیخ رەشش کوشتەی چەنەش سنگین(بهرام، ٢٠١١:ص٣٢٣-٣٢٤).

مەزاری میری سوور

ئەم مەزارگە دەکەوێتە گوندێک لە ناوچەی شارەزوور  هاوسنوورە لەگەڵ هەورامان, ئەم گوندە بە ناوی(سەید ئەحمەد میرسووری کوڕی سەهاکی بەرزنجی) ناونراوە بە یەکێک لەو مەزارگە پیرۆزانەی پەیرەوانی یارسان دادەنرێت. بەشێکی زۆری پەیرەوانی یارسان سەردانی مەزارگەکەی دەکەن(بهرام، ٢٠١١:ص٣٢٤).

مەزاری (کاکە جاوەر (رۆستەم، ٢٠٠٦. ل١٦١),میر ئەسکەندر یان بابا ئەسکەندەر )

مەزارگەی ئەم زاتە پیرۆزانانەی یارسان دەکەوێتە نێوان هەردوو گوندی (هاوارو پالانیا) , هەر وەک ئەوەی (هەردەوێل کاکەی) لە کتێبی (کۆچی یاران) باسی دەکات دەڵێت  (کاکە جاوەر کوڕی جابری عەبدوللای ئەنسارییە)(کاکەیی، ٢٠١٣:ل٤١٨). سەبارەت بە مەزارگەی (میر ئەسکەندەر یان بابا ئەسکەندەر )دوو ڕاو بۆچوون هەیە یەکەم ئەم زاتە دەگەڕێنەوە بۆ کوری (سەیدی ئەکابری خامۆشی کوڕەزای سوڵتان سهاکی بەرزەنجی).ڕای دووەم دەیگەرێیننەوە بۆ (میر ئەسکەندەری کوڕی سورخاب بەگ کوڕی پیرئیسماعیل کەوەلانی کوڕی مەئمون بەگی کوری بیگ بەگ),(عاصی، ٢٠٢٠: ل٢٠٢). کاتیک (سورخاب بەگ) فەرمانڕەوای ناوچەکانی (مەریوان,تنورە ,هەورامان)گرتە دەست ,ئەو ناوچانە بوونە مەڵبەندی فەرمانڕەوایەتی(سورخاب), کورەکانی, سورخاب خاوەنی یانزە کوڕبوو , کوڕی دووەمی ناوی (ئەسکەندەر بەگ)بوو, بەهۆی ئەوەی مەزارگەی میرئەسکەندەر یان باوە سکەندەر لە سنوری فەرمانڕەوایەتی ئەودا بووە. بە بۆچوونی بەندە ئەم مەزارگەییە بۆ ئەسکەندەر بەگی ئەردەلانی دەگەرێتەوە(ازادپور,١٣٣٢:ص٢٠-٢١).ئیستا ئەم مەزارگەیان پەیرەوانی یارسان سەردانی دەکەن بە مەبەستی نەزاکردن (بهرام، ٢٠١١:ص٣٢٤).

مەزاری باوە سەرهەنگی دەودانی

(بابا سەرهەنگ دەودان) یا(باوە سەرهەنگ دەودان) لە کۆتایەکانی (سەدەی یانزەیەم)ی زایینی لە دایکبووە(طاهری، ١٣٩٩:ص١٧).بەڵام بەپێی کتێبی( پێرۆزی سەرئەنجام),دووەمە رێیەری ئاینی یارسان هەوڵی بڵاوکردنەوەی رێورەچەی (یارسان)ی داوە . کە لە( سەدەی دەیەم )ی زایینی  ژیاوە ,لە کۆتای سەدەی  دەیەمی  زایینی لە تەوێڵە کۆچی دوایکردەوە , کلامەکانی بە شێوەزاری هەورامی لێ بە جێ ماوە .

وەسەنەی سێسەد بیست و چوار هیجری          هاتف نام او جە شاهۆ چڕی

لەم کلام ئاماژە بە ساڵی لە دایکبوونی و شوینی نەشتەجی بوونی دەکات لە ناوچەی شاهۆییە(ئەنوەر، ١٣٩٩:ص٢١٤).

سەرهەنگ دەودان سەرهەنگ دەودان          ئەز کە نامەن سەرهەنگ دەودان

چەنی ئێرمانن مەگێڵم هەردان          مەکۆشم بەرێ ئایین کوردان

لەم کلامە دەفەرموویت من کەناوم سەرهەنگی دەودانەو لەگەڵ شوێنکەوتووەکانمدا دەگەرێم  و دەگۆشم بۆ زیندووکردنەوەی ئاینی کۆنی کوردان(طاهری، ١٣٩٩:ص١٨).

پەی ئامانتا پەی ئامانتا          گردی ئامادەبان  پەی ئامانتا

ئەز مەلهەم منیەو نەزامانتا          مەرەسم وە حەق ئیمامانتا

دەفەرموویت لە پێناوی ئاسودەییتان هەمووتان ئامادەبن بۆ بەرەنگاربوونەوە,منیش دێم بە هاناتانەوە ومەڵهەم دەخەمە سەر زامەکانتان و تۆڵەی رێبەرەکانتان دەکەمەوە

هەفتەم سەر خێڵەن هەفتەم سەر خێڵەن          جە ئاسماندا هەفتەم سەرخێڵەن

هەریەک وە ڕەنگی نە گەشت و گیڵەن          هەریەک پەی کارێ ئاوارە وێڵەن

واتا حەوت کەس لە ئاسماندا , ئەو حەوت کەسە هەریەکە و بە جۆرێک لە گەشتدان و هەر یەکەیان کارێکم پێیان سپاردەوە  بە شوێنیدا وێڵن.مەزارگەی ئەم زاتە پیرۆزە دەکەوێتە ناوچەی تەویلە لە گۆرستانی توێڵە نێژەراوە(رۆستەم، ٢٠٠٦:ل٤٦-٤٧).

## تەوەری سێیەم

## گەشتیاری ئایینی

ئەم جۆرە گەشتیارییە یەکێکە لە جۆرەکانی گەشتیاری لە سەرانسەری جیهاندا، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەدە و بە گشتی گەشت و سەردانەکان دەگرێتەوە. ئامانجی سەرەکییان ئەزموونێکی ئایینییە.شوێنە سەرنجڕاکێشە ئایینییەکان و مەزارو شوێنە پیرۆزەکان ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار لە هەموو جیهانەوە بۆ خۆیان ڕادەکێشن.خەڵک بۆ مەبەستی زیارەتکردن دەچنە شوێنی جیاواز، بەپێی ئایینەکەیان. مەسیحییەکان دەچنە ڤاتیکان، موسڵمانان گەشت دەکەن بۆ مەککە و جولەکەکان گەشت دەکەن بۆ قودس. حەج لای موسڵمانان گرنگترە لە ئایینەکانی تر. کە ساڵانە بە ملیۆنان موسڵمان لە وڵاتانی جیاجیا لە سەرانسەری جیهاندا بە مەبەستی سەردانی ماڵی خودا گەشت دەکەن بۆ شاری مەککە.بەڵام بەگشتی زۆر ئەستەمە کۆمەڵێک تایبەتمەندی بۆ ئەم جۆرە گەشتیارییە دابین بکرێت، چونکە گەشتیار دەتوانێت لە هەر تەمەن و ڕەگەز و نەتەوەیەک بێت. هەرلە باوەڕدارانی مەسیحی و جوولەکە کە مەودای زۆریان بەسەر بردووە بۆ سەردانی شوێنە ئاینییەکانیان بە تایبەت سەردانی کردنی مەزارگەی کەسایەتیە ئایینیەکانیان ، تا دەگاتە بە ئاینی یارسان.لەگەڵ پەرەسەندنی ئاینداری لە نێوان پەیڕەوانی ئایینە جیاوازەکاندا بە تێپەڕبوونی کات و پەرەسەندنی شوێنە پیرۆزە ئایینییەکان لە سەرانسەری جیهاندا، ساڵانە زیارەتکردن بۆ ئەو شوێنانە لەنێو پەیڕەوانی ئایینە جیاوازەکاندا پەرەی سەندووە، هەروەها ژمارەی حاجیانیش هێندە زیادیکردووە کە بازاڕی ئەو گەشتانە بووەتە پیشەسازییەک کە داهاتی ملیارەها دۆلاری هەیە بۆ ئەوە دەوڵەتە.لە جیهاندا چەندین ئایینی جیاواز هەن، بەڵام بە پشتبەستن بە ژمارەی شوێنکەوتووانی دەتوانین بڵێین شەش ئایینی سەرەکی لە جیهاندا هەن: مەسیحی، ئیسلام، بودا، هیندۆسی، جوولەکە، زەردەشتی. (ئەمین، 2013: 10) لە ئێستادا بەشێکی زۆری پەیڕەوانی ئەوە ئایینە جیاوازانە بە بیروباوەڕێکی بەهێزەوە سەردانی مەزارگەوە شوێنە پیرۆزەکانیان دەکەن.بەشێکی زۆری وەڵاتانی ئیسلامی ساڵانە سەردانی جیگای پیرۆزی مککە دەکەن بۆ بەجێهێنانی فەریزەی (حەج و عومرە)بەشێکی زۆری پەیرەوانی مەسیحی سەردانی ناوچەی قودس دەکەن بەتایبەت گۆڕی پیرۆز. لە جیهانی ئیسلامی بە تایبەت هەندێک لە وەڵاتانی عێراق و ئێران گرنگیەکی زۆر دەدەن بە لایەنی ئاینی بە تایبەت مەزاری ئیمام زادەکانی مەزهەبی شیعە لە تەواوی جیهانەوە بە مەبەستی زیارەت , ئەمە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە گەشتیاری ئایینی لە ئێران گەشە بکات.لە ئێران ئیسلام ئایینی زۆرینەی خەڵکە. ئێران خاکێکە کە ڕووبەرێکی جوگرافیای بەرفراوانی هەیە، کەشوهەوا و بارودۆخی هەمەچەشن، فرەچەشنی نەتەوەیی و کولتووری دەوڵەمەند، وڵاتێکە کە چەندین شوێنی سەرنجڕاکێشی مێژوویی و کولتووری هەیە.ئایین ڕۆڵێکی گرنگ و دیار و بەرچاوی هەبووە لە پێکهێنانی زۆرێک لە شارەکانی ئێراندا. بۆ نموونە مەشهەد، قوم، ڕەی، شیراز، قەزوین، نەتەنز، شاهروود، سوسا، بەستەم، لاهیجان، ئامۆڵ، ئەردەبیل، گۆنباد کاووس، ماهان. ئەم شارانە دەرفەتی زۆریان هەیە بۆ ڕاکێشانی گەشتیارانی ئایینی. بەپێی بەڵگەنامە مێژووییە باوەڕپێکراوەکان، نزیکەی ۳۳ گۆڕی پێغەمبەران لە ئێراندا هەن. ئێران بە درێژایی مێژوو بە هۆی دە سە ڵاتی ناوچەیی و بیروباوەری ئایینیە وەهەمیشە وەرگر بووە لە بە رامبە ڕ ئایین و پێغە مبە ڕانی . لە نێو گڵکۆی پێغەمبەران لە ئێران دەتوانین ئاماژە بە مەزارگەی ئیمامی هەشتەم (ع) (کە بەهای جیهانی هەیە و ساڵانە بە ملیۆنان موسڵمان لە وڵاتانی جیاجیای جیهانەوە بۆ سەردانی ئێران دەچنە ئێران) و مەزارگەی زۆرێک لە نەوەکانی ئیمامەکان لە سەرتاسەری ئێراندا هەیە. کۆی ژمارەی ئیمامزادە لە ئێران ۱۰ هەزار و ٦١٥ کەسە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە هەموو پارێزگاکاندا ئیمامزادە هەیە، پارێزگای فارس بە هەزار و ٤٥٦ ئیمامزادە لە پلەی یەکەمدایە، پارێزگای مازەندەران بە هەزار و ۱۷۸ ئیمامزادە پلەی دووەمی هەیە و پارێزگای گیلان بە ۸۹۹ ئیمامزادە لە پلەی سێیەمدایە. هەروەها کەمترین ژمارەی ئیمامزادە بۆ پارێزگای سیستان و بەلوچستان تەرخان کراوە. هە روە ها ئێران بە مێژووی چە ند هە زار ساڵە وە هە میشە شوێنی لە دایکبوونی کە سایە تییە گە ورە کانی زانست و هونە ڕ بووە ، هە روە ها پە روە ردە ی بیرمە ند و کە سایە تییە کانی ناوداری ئێرانی کردووە کە نە ک تە نها بە ناودارانی ئێرانی دادە نرێن ,بە ڵکو ناوبانگێکی جیهانیشیان بە دە ستهێناوە و بە زانست و تواناکانی خۆیان کاریگە رییان لە سە ڕ جیهان داوە . هەرچەندە ئەم پیاوە ناودار و مەزنانە لەگەڵ ئێمەدا نەماون، بەڵام خزمەتە بەنرخەکانیان و کاریگەریی قسەکانیان هەر وەک حافز و سەعدی بەرجەستەیە. هەروەها لە سەرانسەری ئەم خاکەدا چەندین مزگەوت و ڕێوڕەسمی مێژوویی و نەریتی و ڕێوڕەسمی ئایینی (بۆ نموونە ڕێوڕەسمەلە مەشهد) هەیە کە هەریەکەیان لە خۆیدا سەرنجڕاکێشیەکی بەهێزە بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران لە هەموو ئێران و جیهانەوە. دەرفەتێکی دیکەی بەنرخ لە ڕاکێشانی گەشتیارانی ئایینی بۆ ئێران، مانگی پیرۆزی ڕەمەزانە. یەکێک لەو داب و نەریتە پەیوەندیدارە بەم مانگەوە، پێشانگای نێودەوڵەتی قورئانی پیرۆزە کە هاوکات لەگەڵ ئەم مانگە پڕ بەرەکەتەدا بەڕێوەدەچێت. پێشانگایەک کە دەتوانێت هەزاران موسڵمان لە هەموو جیهانەوە بۆ ئێران ڕابکێشێت.ئەمە لە کاتێکدایە، جگە لە شوێنە ئایینییە ئیسلامییەکان و مەزارگە، لە ئێرانیش مەزارگەلی نائیسلامی زۆر بەناوبانگ و بەناوبانگی جیهانیش هەن(ئەمین، ۲۰۱۳: ص۱۱).

پۆلێنکردنی شوێنە گەشتیارییە ئاینییەکان

۱ -شوێنی حەج: ئەو شوێنانەی ئامانجی سەفەری ئاینین و لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی ڕێبوار دانەنرێن.

۲ -سەرنجڕاکێشانی ئاینی: پێکهاتە یان شوێنگەلێک کە بەهای ئایینیان هەیە کە گرنگی مێژوویی یان هونەرییان هەیە.

۳ -جەژن و مەراسیمە ئاینیەکان: لە ئایینە جیاوازەکاندا لە شوێنی دیاریکراودا ئاهەنگ یان مەراسیمی ئایینی تایبەت هەیە و گەشتکردن بۆ سەردانکردن یان بەشداریکردن لەو مەراسیمانەدا بە گەشتوگوزاری ئایینی دادەنرێت.

پاڵنەرە سەرەکییەکان بۆگەشتیاری ئایینی

ئەمانەی خوارەوە دەتوانرێت وەک پاڵنەرە سەرەکییەکان بۆ زیارەت و گەشتیاری ئایینی ئاماژە پێبکرێت:

١ -بەجێگەیاندنی ئەرکە ئاینیەکان
٢ -دەربڕینی سەرسامی بە شوێنێکی موعجیزە یان ڕووداوێکی گرنگ
٣ -لێخۆشبوون لە گوناهەکان
٤ -عیبادەت و بەدواداچوون بۆ شیفا لە نەخۆشی
٥ -ئامادەبوون لە کۆڕێکی عیبادەت بە ئامادەبوونی پێشەوایەکی ئاینی.
٦ -سەیرکردنی ڕێوڕەسمێک یان ڕێوڕەسمێکی ئایینی
٧- بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی ئاینی خێزانی
٨ -چوون بۆ شوێنێک کە چاوەڕوان دەکرێت ڕووداوێکی موعجیزە ڕوودات.
٩ -ئاشنابوون بە ئایینەکان و چۆنیەتی ئەنجامدانی مەراسیم

گەشەکردنی گەشتیاری ئاینی بۆ مەزارگە و شوێنەوارە پیروزەکانی کاکەیی

گەشتوگوزاری ئایینی بۆ مەزارگە کاکەیەکان و شوێنەوارە پیرۆزەکان دەتوانرێت وەک سەرنجڕاکێشیەکی گرنگی کولتووری و ڕۆحی لە ناوچە کوردنشینەکان بەتایبەت لە کوردستانی باشوور پەرەی پێبدرێت. کاکەییەکان (یان یارسانەکان) کۆمەڵگەیەکی ئایینن کە باوەڕی عیرفانیی و یەکتاپەرستییان هەیە، کە زۆرجار مەزارگەکانیان بەهای مێژوویی و مەعنەوی قووڵیان هەیە. بۆ پەرەپێدانی ئەم جۆرە گەشتیارییە دەتوانرێت ناساندنی مەزارگەکانی کاکەییەکان,لێکۆڵینەوە و تۆمارکردنی مێژوو و تەلارسازی و ڕێوڕەسمەکانی پەیوەست بەو شوێنانە,ئەنجامدانی فێستیڤاڵ و ڕێوڕەسمەکان وەک (چەژنی قەوڵتاس و خاوەنکار).هاندانی گفتوگۆی نێوان ئایینەکان و ڕاکێشانی ئەو گەشتیارانەی ئارەزووی عیرفان و ئایینە کۆنەکان دەکەن .

توخمەکانی گەشتیاری ئایینی لە مەزار و شوێنەوارە پیرۆزەکانی کاکەیی

١ -لایەنی مێژووی ئەم مەزارگەیانە کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست دەتوانرێت وەک پێگەیەکی گرنگی گەشتیاری سودی لێ وەربگیریت . هەریەک لەم مەزارگەیانە هەڵگری مێژوویەکی گرنگی ناوچەکەیانن .هێمایەکی گرنگی ئایینی یارسانن.

٢ -شوێنە ئاینیەپیرۆزەکان: بەهۆی هەبوونی مەزارگەیەکی زۆری ئاینی یارسان لە باشووری کوردستان , کە لای پەیڕەوانی بە جیگایەکی پیرۆز سەیردەکرێت هەمیشە سەردانی ئەو مەزارگەیان دەکرێت . بە مەبەستی زیارتکردن و پاڕانەوە,نیازکردن بۆ بەدیهێنانی مەرازەکانیانە.

٣ -بۆنە و ئاهەنگە ئاینیەکان: ئەم مەزارگەیان دەتوانرێت لە لایەن پیاوانی رووحانی یارسانیەکانەوە بەپێی ساڵرۆژی یارسان,ڕۆژێکی دیاری بکرێت بۆ ئەوەی پەیڕەوانی سەردانی بکە. یارسان چەندین ڕێوڕەسمی نەریتی سەرنج ڕاکێش لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ئەنجام دەدا. بە تایبەت ڕێوڕەسمی جەژنی قەوەلتاسی و خاوەنکار. یارسانەکان شوێنی تایبەتیان بۆ پاڕانەوە و جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمە ئایینیەکانیان هەیە کە پێی دەڵێن جەمخانە.تەنبوور بە سازی ئایینی یارسانەکان ناسراوە و هاوکات لەگەڵ ژەنینی ئەو ئامێرە ئاوازی ئایینی دەخوێنن . پەیڕەوانی ئایینی یارسان بەهەمان شیوەی چەژنی خاوەنکار ,چەژنی یارانی قەوڵتاس هەیە (بهرامی، ٢٠١١، ص١٥٣).دەتوانریت بە هەمان شیوەی ڕێورەسمی پیر شالیار لە مەزاری باوە محمود بکریت لە ڕۆژی نەورۆز بە ئامێرەکانی تەنبور ساز سەرنجی گەشتیاران رابکێشن بۆ ئەوە مەڕاسیمە .

هۆکارەکانی گەشەنەکردنی گەشتیاری ئایینی بۆ مەزار و شوێنەوارە پیرۆزەکانی کاکەیی

١-نەبوونی خزمەتگوزارییەکان: بەشێکی زۆری ئەم مەزارگەیانە لە ڕووی خزمەتگوزاری فەرامۆشکراون. بەتایبەت نەبوونی شوێنی مانەوە ,نەبوونی پارکێک بۆ پشودان ,نەبوونی فرۆشگا .

٢-بەردەست نەبوونی گواستنەوە: بەهۆی نەبوونی ڕێگاوبانێکی سەلامەت بۆ گەیشت بە مەزارگەکانی ئاینی یارسان بە یەکێک لەو بەربەستانە دادەنرێت کە پەیڕەوانی یارسان لەکاتی سەردانی کردنی مەزارگەکان چەندین سەعات بەسەر ڕێگا مەترسیدارەکان گەشت بکەن.

٣-نەبوونی ئاسایش وسەقامگیری: بەشێکی زۆری مەزارگەکانی ئایینەکانی یارسان دەکەونە ناوچە دووردەستەکان,ئەمە وایکردەوە ئەو ناوچانە سەلامەت نەبێت .چەندین مەزارگە لە لایەن تیرۆرستانی داعش تەقێندەراوەتەوە وە مەزارگەی باوە محمو , مەزاری باوە حەیدەر .

٤-نەبوونی هۆشیاری ئایینی و ڕۆحی: نەبوونی خواستی تاک و گروپەکان یارسان بۆ بەرزکردنەوەی پەیوەندی ڕۆحی و ئاینی خۆیان لە ڕێگەی سەفەرەوە بۆ مەزارگەکانی یارسان.

٥-نۆژەند نەکردنەوەی مەزارکانی ئاینی یارسان: بەشێکی زۆری مەزارگەکانی ئاینی یارسان فەرامۆشکراون هیچ کارێکی نۆژەدنکاری بۆنەکراوە. بەشێکیان لە کاتیی نۆژەنکردنەوە معماری سازیەکی ئیسلامیان پێ داوە .

**(ئەنجام)**

١-بە پشت بەستن بە کۆمەڵێک سەرچاوەی (ئاینی یارسان) بەم دەرئەنجامە گەشتین, کە کۆمەڵگەی یارسان چۆن دروستبوون چۆن گەشەیان کردەوە ,باسی رەسەنایەتی بنەماڵەکانی یارسان کە گرنگیەکی تایبەتی هەیە لای پەیرەوانی ئاینی یارسان بە چاوێکی پیرۆزەوە سەیر دەکرێن.بەهۆی ئەوەی کە ئەو بنەماڵانەی یارسان ئەرکی ئایینی یارسان ڕادەپەڕێنن لە ڕیورەسمی ئایینی یارسانەکان .

٢ -بەشێکی زۆری ئەو مەزارگەیانەی ئێستا لە باشووری کوردستان ماونەتەوە بە نادیاری , لەلایەن هەندێک مەزهەبی ئاینی تروە ناسنامەی ڕەسەنایەتیان لی داماڵیوە ,خاوەنداریان گەڕاندۆتەوە بۆ خویان.بە پشت بەستن بە سەرچاوە ئایینەکانی یارسان تەواوی ئەوە مەزارگەیان کە لەم تویژینەوە باسم کردوە خاوەنداریتیان دەگەڕێنەوە بۆ سەر بنەماڵە حەقیقەتیەکانی یارسان هەر لە سەرەتای دروستبوونی ئاینی یارسان , لە سەردەمی سوڵتان سهاک بە فرمانی ئەو نەوەکانی و بنەماڵەکانی حەقیقەت دەستیان کردوە بە ڕینمای کردنی خەڵک بانگکردنیان بۆ ناو ئاینی یارسان ,لەناوچە جۆربەجۆرەکانی باشوری کوردستان .

٣-سەبارەت بە گرنگی مەزارگەکانی یارسان لە باشووری کوردستان بە بەشێکی دانەبڕاو لە میراتی ئایینی و فەرهەنگی پێکهاتەی یارسانی دادەنرێت. ئەم مەزارگەیانە تەنها شوێنی پەرستن نین، بەڵکو ناوەندی شوناسی کلتووری و کۆمەڵایەتی یارسانەکان.مەزارگە یارسانەکان بە شوێنێکی پیرۆز دادەنرێت کە ڕێوڕەسمی ئایینی و عیبادەتیان تێدا ئەنجام دەدرێت. ئەم مەزارگانە زۆرجار پەیوەستن بە کەسایەتییە ئاینییە گرنگەکانی مێژووی یارسانەوە، ئەمەش وایکردووە ببنە مایەی ڕێز و پێزانین بۆ پەیڕەوانی ئەم ئایینە. ئەم مەزارگانە بۆ نەزاکردن و پاڕانەوە و هەروەها بۆ ئاهەنگگێڕان بە بۆنە ئاینییەکانی تایبەت بە یارسانەکان بەکاردەهێنرێن.

٤-بەشیکی زۆری ئەو مەزارگەیانە لە لایەن حکومەتەوە فەرامۆش کراون گرنگییەکی ئەوتۆیان پێنەدراوە, هەندێکیان لە لایەن گروپە تیرۆرستییەکانەوە تەقێنراوەتەوە بە نموونە مەزارگەی باوە محموی لە ناوچەی خانقین.

٥ -بەهۆی نەبوونی ناوەندێکی ئاینی تایبەت بە ئایینی یارسان ئەم مەزارگەیانە پشتگۆی خراون وهەندێکیان خەریکە ناسنامەوە شوێنی گۆرەکەیان لەناودەچێت.

**ڕاسپاردە**

-پێویستی حکومەت بە تایبەت ئەو دامەزراوانەی ،کە پەیوستن بەم بابەتەوە دەبێت بودجەیەکی تایبەت دابین بکرێت بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو مەزارانە.

-دابینکردنی ئاسوودەیی و توانا مانەوە بۆ گەشتیارانی ئایینی لە نزیک شوێنە ئاینییەکان.

-دروستکردنی نەخشەی ڕێگای ئەو مەزارگەیانەی ئایینی یارسان بە شێوەی (جی ئای ئیس ) کە زانیاری کورتی تێدایە دەربارەی شوێنی ئایینی، دووری شوێنە مەزارگەکان لە یەکتر، ئەو ئاسانکاریانەی کە لە نزیک شوێنی ئایینی، هۆتێل، چێشتخانە، بەنزینخانە، هەروەها جۆرەکانی گواستنەوەی بەردەست بۆ چوون بۆ شوێنی ئاینی, زانیاری کورت دەربارەی شوێنە گەشتیارییەکانی تر لە نزیک شوێنی ئاینی بۆ دروستکردنی پاڵنەرێکی زیاتر بۆ گەشتکردن .

-دروستکردنی ماڵپەڕ بۆ گەشتوگوزاری ئایینی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنی بۆ گەشتیاران، وەکو حجزکردنی هۆتێل و ناساندنی ناوەندی ئاینی و ڕێوڕەسمی ئایینی بۆ هەریەک لەو مەزارگەیانە بەهەمان شێوەی ڤستیڤاڵی پیر شالیار لە هەورامانی تەختی ڕۆژهەڵاتی کوردستان .

-ڕاگەیاندنی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە بواری فێربوون لە داب و نەریتی ڕۆشنبیری زیارەتەگاکان و ڕێزگرتن لە پەیرەوانی ئایینی یارسان .

-پێشانگای گەشتیاری و گەشتیاری لەکوردستان لە پەراوێزی کۆنفرانسەکان، وەک کۆنفرانسی ڕێبەرانی ئایینی و پێشبڕکێی وەرزشی و پێشخستنی گەشتوگوزاری ئایینی دەکرێت .

-بەشداریکردنی کەرتی گشتی و تایبەت لە دەستەبەرکردنی ئاسایش و خۆشگوزەرانی گەشتیاری بە دروستکردنی کەلتوورێکی باش و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گونجاو بۆ گەشتیاران .

- دروستکردن و پەرەپێدانی فەرمانگەی خزمەتگوزاری گەشتیاری لە نزیک ناوەندەکانی گەشتیاری بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری باشتر و زیاتر بە گەشتیاران و چاودێری وردی ئەدای حکومەت.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوەی کوردی


1. موکریان,هەژار(٢٠٠٢) مێژووی ئەردەڵان,هەولێر,چاپخانەی ئاراس.
2. هەورامی,نامیق ( ٢٠١٣) هەورامی زمانی ئایینی یارسان, سلێمانی , بی چ.
3. ئەیوب, ڕۆستم (٢٠١١ ) هەورامان، سلێمانی,چاپی یەکەم,چاپخانەی کۆردۆنیا.
4. هەورامی، ئەمین( ١٩٨٤)کاکەیی, بەغداد,چاپی یەکەم,چاپخانەی الحوادث.
5. عاصی، هشام (٢٠٢٠) مێژووی کاکەیی یارسان لەکوردستان,سلێمانی,چاپی یەکەم,چاپخانەی چوارچرا.
6. عاصی، هاشم ( ٢٠٢٢) گوڵبانگی یار و فرێدانی دەمامکەکان. سلێمانی,چاپی یەکەم,چاپخانەی چوارچرا.
7. بەخشی، سامی . رفعەت( ٢٠١٥) زات بابا حەیدەر بناسە. کەرکوک , بی چاپ.
8. بەرزنجی، عدنان( ٢٠١١) مێژووی بنەماڵەکانی حقیقەت. هەولێر,چاپی یەکەم ,چاپخانەی ئاراس.
9. دکەای، سید. علی ( ٠٠ ) دەفتەر کلام دورەی بابا ناووس .
10. رۆستم، ئەیوب (٢٠٠٦) یارسان لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی دینییە. سلێمانی, چاپی یەکەم ,چاپخانەی مەڵبەندی رۆشنبیری هەورامان.
11. رەش، عدنان ( ٢٠٠٦) کەرکوک بۆ مێژوو دەدوێت. سلێمانی چاپی یەکەم ,چاپخانەی حەمدی.
12. عەبدلکەریم، رحیم( ٢٠٢٢) شێخ باوە سەرگوزشتەی ناوچەیەک, سلێمانی,چاپی یەکەم ,چاپخانەی کارۆ.
13. عەلی، نامدار( ٢٠١٠) ناحیەی پێباز(باوەنور), سلێمانی,چاپی یەکەم,چاپخانەی چوارچرا.
14. بەهرۆز، سمکۆ(٢٠٢٣) ئینسایکلۆپیدیای کەرکوک ,بەرگی شەشەم. تاران,چاپی یەکەم , چاپخانەی تاران.
15. توفیق، زرار( ٢٠٢٠)کاکەیی -ئەهلی هەق و شەبەک, هەولێر,چاپی یەکەم,چاپخانەی ئەکادیمیای کوردی.
16. تۆفیق، زرار ( ٢٠٢١) لەبارەی مێژوو و کولتووری کوردییەوە, تاران,چاپی یەکەم ,چاپخانەی تاران.
17. کاکەیی، هەردوێل ( ٢٠١٣) کۆچی یار. بێ ش: بێ چ.


سەرچاوەی فارسی


18. سەرئەنجام، دفتەر دورە شاه خوشین .
19. محمد,قاضی(١٣٩٢) تاریخ کردهای اردلان,سنندج,انتشار کردستان.
20. بهرام، بهمن ( ٢٠١١)ایین یارسان در ارتباط با ادیان باستان ایران باتاکید بر میترائیسم. هەولێر, طبع اول,انتشار بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر.
21. ازادپور,ناصری(١٣٣٢) تاریخ اردلان,کرمانشاه,انتشار بهرامی.
22. زادە، صدیق( ١٣٦١) نوشتەهای پراکندە دربارە یارسان اهل حق. تهران,انتشار عطائی.
23. زادە، صدیق( ١٣٧٥) نامە سرانجام کلام خزان یکی از متون کهن یارسان(اهل حق),تهران,طبع اول,انتشار هیرمند.
24. سولطانی، محمد (١٣٨٠). خاندانهای حقیقت ومشاهیرمتاخر اهل حق در کرمانشاه,تهران,انتشار سها.
25. طاهری، طیب( ١٤٠٢) شاه دالاهو , سوید,انتشار انستیتو فرهنگی یارسان.
26. طاهری، طیب( ١٤٠٣)دورەی ظهور ذاتی شاه هیاس, سوید,انتشار انستیتو فرهنگی یارسان.
27. طاهری، طیب( ٢٠٠٧) سرانجام ایین یارسان, اربیل ,انتشار اراس.
28. طاهری، طیب (٢٠٠٩) تاریخ و فلسفەی سەرئەنجام, هەولێر,انتشار موکریان.
29. مدرسی، نورلدین (---) خاکسارو اهل حق, تهران,انتشار اشراق.
30. مرادی، گلمراد( ١٩٨٦)نگاهی گذرا بە تاریخ و فلسفەی اهل حق یارسان,هایدلبرگ: بدون انتشار.
31. علی، سید( ١٣٤٩) سر سپردگان تاریخ و شرح عقاید دینی اهل حق, تبریز, انتشار خورشید.


سەرچاوەی عەرەبی


32. العزاوی، عباس( ٢٠١٦ ) الکاکائیە فی التاریخ,بیروت,مکتبە النهضة العربیة.
33. موسی، الحاجی (١٩٨٥) مندلی عبر العصور, بغداد , دار الحریة.


گۆڤاری کوردی


34. تۆفیق، زرار( ٢٠٢٥ )هەوڵدانێک بۆ ناسینەوەی باوا گوMناوەکەی کفری, گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ،ژمارەی ٢٣,سلێمانی .گۆڤاری فارسی
35. طاهری، طیب( ١٣٩٩) سرزمین پهلویان در زمان بابا سرهنگ ,بابا جلیل ,بابا ناووس قرن (٦,٥هجری), فصلنامە شنروێ، شمارەی سوم,استکهلم,سوئد.
36. طاهری، طیب( ١٣٩٩) سرزمین پهلویان در زمان شاه خوشین(قرن پنجم ه.ق) , فصلنامە شنروێ، شمارەی دوم,استکهلم,سوئد.
37. کاکەی، فەهمی ( ١٣٩٩) دەوازەیەک بۆ ناسینی ئایینی یارسان, فصلنامە شنروێ، شمارەی سوم,استکهلم,سوئد.
38. گودرزی، ارش( ١٣٩٥) اشتراک و افتراقات خاندان های اهل حق. فصلنامە هفت أسمان، دورەی ١٨,تهران.
39. محمود، نبیل ( ١٣٩٩) الکاکائیە فی محافضة نینوی بین مطرقة الحکومات العراقیة و سندان الجماعات المسلحة, فصلنامە شنروێ، شمارەی اول ,استکهلم,سوئد.
40. هاوار ، سەفەر ( ١٣٩٩) کوردستان ولاتی پێکەوە ژیان(هەڵەبجە) وەک نموونەیکی گەش, فصلنامە شنروێ، شمارەی اول ,استکهلم,سوئد.
41. ئەنوەر، کەیوان ( ١٣٩٩) مێژووی ئایین لە هەورامان, فصلنامە شنروێ، شمارەی دوم,استکهلم,سوئد.
42. کەواڵی، علی . فازلی ( ٢٠١٨) یارسان , یاریکورد و یارسان .

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC- 20

# Kakae shrines and sacred monuments South Kurdistan for example

**Mohammed Talib Sharif**

Department of English, College of Language and Humanities, Garmian University, Kurdistan Region – Iraq

| Article Info | |
|---|---|
| Received | April 2025 |
| Accepted | May 2025 |
| Published: | August 2025 |

**Keywords**

**shrines, the Kakais, Yarsani, Bawa Mahmoud**

**Corresponding Author**

Mohammed.talib@garmian.edu.krd

**abstract**

The shrines and sacred monuments of the Kakais in South Kurdistan have a deep-rooted and ancient history. However, the ownership and historical legitimacy of these sites remain ambiguous, and few researchers have undertaken serious efforts to study or validate them. Some of these monuments are now on the verge of extinction, despite their significant role in the Yarsan religious culture.This study aims to explore the historical development of Kakai shrines and sacred monuments. The research is divided into three main sections. The first section focuses on the early Kakai families who contributed to the spread of the Yarsani faith, particularly the lineage of King Ibrahim. The second section examines the historical and geographical context of major Kakai shrines in South Kurdistan, such as the shrine of Bawa Mahmoud in Khanaqin, Bawa Gazi in Mandali, Bawa Shaswar in Kifri, and Bawanur in the Bawanur district. The final section analyzes the religious significance of these sites within the Yarsani tradition This study employs primary sources from the Yarsani religion, including the holy book Saranjam, to conduct a historical analysis and provide evidence for the authenticity and importance of these sacred sites.